حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

کۆلێژی ئەدەبیات - بەشی کۆمەڵناسی

# کاریگەریی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان

## (توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسییە لە گەرەکی فەرمانبەران و بەختیاریی شاری هەولێر)

## بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی

لە لایەن

فاطمه احمد حسن

میدیا كاظم طاهر

بە سەرپەرشتی

د. یوسف حسن حسین

هەولێر- کوردستان

٢٠٢٢ – ٢٠٢٣

## راسپاردەی سەرپەرشتیار(Declatration):

پێشنیاری تاوتوێکردنی ئەم توێژینەوەیە دەکەم لەژێر ناونیشانی(تێروانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەتان)لەلایەن قوتابی (فاطمە احمد حسین-میدیا کاظم طاهر) لەژێر سەرپەرشتی من ئامادەکراوە.

سەرپەرشتیار:

د.یوسف حسن حسین

واژوو:

/ /٢٠٢٣

ئەندامی لێژنەی گفتوگۆ:

د.شڤان اسماعیل

واژوو:

/ /٢٠٢٣

ئەندامی لێژنەی گفتوگۆ:

م.کامەران جەوهر

واژوو:

/ /٢٠٢٣

## پێشکەشکردن(Dedication):

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە بەشی کۆمەڵناسیی زانکۆی سەلاحەددین و دایک و باوکی خۆشەویستمان و هەموو خوێنەرانی ئازیز و هاوڕێ خۆشەویستەکانمان، بەتایبەت پێشکەشە بە دکتۆری زۆر خۆشەویست(د.یوسف حسن حسین) کە زۆر ماندوو بوو لەگەڵمان و هەموو ئەو کەسانەی کە بە وشەیەکیش بێت یارمەتیان داوین.

## سوپاس و پێزانین Thanks and appreciation:

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە کە دەرفەتی دروستکردن و ئاسانکردنی ئەم توێژینەوەی پێمان بەخشی.

سوپاس و پێزانینمان بۆ (د.یوسف حسن حسین) کەوا ئەرکی سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ و لە سەرنج و پێشنیارەکانی بەهرەمەند بووین.

سوپاسێکی دڵسۆزانە ئاراستەی دایک و باوکی خۆشەویستمان دەکەین کە لە هەموو قۆناغە جیاوازەکانی ژیانمان هاندەر و پاڵپشتمان بوون بێگومان بێ پاڵپشتی ئەوان گەیشتن بەم قۆناغە ئەستەم بوو.

سوپاسی سەرۆکایەتیی بەشی کۆمەڵناسی کە هاوکاری و کارئاسانی بێ پایانیان پێشکەش کردین.

سوپاسی و پێزانین بۆ ئەوانەی کە هاوکاریان کردووین گەر بە وشەیەکیش بووبێت.

## پوختە

بەدرێژای مێژوو ئافرەت ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاویان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگادا هەیە، لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئافرەت هاوشانی پیاوان بوونە لە مەیدانی خەبات و کارکردندا. هەرچەندە ئافرەت رووبەرووی ئاستەنگ و کۆسپ بۆتەوە، ئەمەش وای کردووە ئافرەت نەتوانێ بە ئەرکی خۆی هەڵسێ جا چ لەناو خێزان کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕاپەراندنی کاری ماڵەوە، یاخود بەئەنجام گەیاندنی کار و بەرپرسیارەتییەکانی لەو شوێنەی کە کاری تێدا دەکات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، زانین و دەستنیشانکردنی تێروانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەیە،هەروەها دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی کارکردنی ئافرەت کە خێزان و داب و نەریت دیارترین بەربەستەکانی کارکردنی ئافرەتن لە کۆمەڵگادا. نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (٣٥) پیاوی خێزاندار(٢٠)نموونە لە گەرەکی فەرمانبەران و(١٥)نموونە لە گەرەکی بەختیاری لە شاری هەولێر وەرگیراوە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتیە میتۆدی وەسفی شیکاریە لە ڕێگەی رووپێوە کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی راپرسی هەڵساوە بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوە. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتووە کە پیاوان ڕێگە دەدەن خێزانەکانیان لە دەرەوە کاربکەن ، کارکردنیان لە دەرەوە وا دەکات بتوانێت یارمەتی پیاوەکانیان بدەن لە دابینکردنی خەرجی ماڵ ، کارکردنی ئافرەت وادەکات هێزی متمانە بەخۆبوونیان زۆر دەبێت و لە کۆمەڵگادا، کارکردنیان نابێتە لادان لە داب و نەریتی کۆمەڵگا. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باس لە رەهەندەکان و چەمکەکانی توێژینەوەکە دەکات،بەشی دووەم باسی توێژینەوەکانی پێشووی تیۆری توێژینەوەکە دەکات،بەشی سێیەم باگراوندی ئابووری کۆمەڵایەتی و کولتووری تێروانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت بەربەستەکانی کارکردنی ئافرەت و پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەت دەخاتەروو.بەشی چوارەم باس لە چوارچێوەی میتۆدەکانی توێژینەوەکە دەکات ،بەشی پێنجەم بریتیە لە شیکردنەوەی خشتەی زانیارییە تایبەت و گشتییەکان،کۆتایی بەشی توێژینەوەکە پێک دێت لەگەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە و راسپاردە و پێشنیار و لیستی سەرچاوەی توێژینەوەکە.

| ناوەڕۆک | لاپەرە |
| --- | --- |
| ناونیشان | |
| راسپاردەی سەرپەرشتیار | I |
| پێشکەشە بە | II |
| سوپاس و پێزانین | III |
| پوختەی توێژینەوە | IV |
| ناوەرۆک | V |
| لیستی خشتە | |
| پێشەکی | 1 |
| **دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوە** | |
| بەشی یەکەم : رەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان | 3-4 |
| باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە | 3 |
| 1. گرفتی توێژینەوە | 3 |
| 2. گرنگی تۆێژینەوە | 3 |
| 3. ئامانجی توێژینەوە | 4 |
| باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان توێژینەوە | 4-6 |
| 1. پێگەی کۆمەڵایەتی | 4 |
| 2. تێروانین | 5 |
| 3. تێروانینی پیاو | 5 |
| 4. کار | 5-6 |
| 5. کارکردنی ئافرەت | 6 |

| | |
|---|---|
| بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تیۆرەکانی توێژینەوە | |
| باسی یەکەم: پێداچوونەوەیی توێژینەوە و سەرچاوەکانی پێشوو | 8 |
| باسی دووەم: تیۆری فیمینزم | 10 |
| بەشی سێیەم: باگراوندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت | |
| باسی یەکەم: قۆناغە مێژووییەکانی کارکردنی ئافرەت | 11 |
| باسی دووەم: تێروانینی کۆمەڵگا بۆ کار کردنی ئافرەت | 11-12 |
| باسی سێیەم: پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەت | 12-14 |
| 1. پاڵنەری خودی | 13 |
| 2. پاڵنەری ئابووری | 14 |
| 3. پاڵنەری زانستی | 14 |
| 4. پاڵنەری کۆمەڵایەتی | 15 |
| باسی چوارەم: ئاستەنگیەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت | 16 |
| 1. ئاستەنگی کۆمەڵایەتی | 16 |
| 2. ئاستەنگی کولتووری | 16 |
| 3. ئاستەنگی ئابووری | 17 |
| باسی پێنجەم: تێڕوانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت | 17-18 |
| 1. کۆمەڵایەتی | 17 |
| 2. کولتوور | 18 |
| 3. ئایین | 18 |
| 4. ئابووری | 19 |
| دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوە | |
| بەشی چوارەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە | |

| | |
|---|---|
| 1. میتۆدی توێژینەوە | 20 |
| 3. کۆمەڵگای توێژینەوە | 21 |
| 4. نموونەی توێژینەوە | 21-22 |
| 5. بوارەکانی توێژینەوە | 22 |
| 6. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | 23 |
| 7. ئامارە ئامرازییە بەکارهاتووەکان | 23 |
| بەشی پێنجەم: خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییەکان | |
| 1. خستنە روو و شیکردنەوەی زانیارییە گشتیەکان | 25-28 |
| 2. خستنە روو و شیکردنەوەی زانیارییە تایبەتیەکان | 29-42 |
| بەشی شەشەم: ئەنجام و راسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوە | |
| 1. ئەنجامەکان | 44 |
| 2. پێشنیارەکان | 45 |
| 3. راسپاردەکان | 45 |
| لیستی سەرچاوەکان | 46-49 |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | A |
| پوختە بو زمانی ئینگلیزی | B |

| ناوەڕۆکی خشتەی توێژینەوە | لاپەرە |
|---|---|
| 1. خشتەی (1) تەمەنی ئەندامانی توێژینەوە روون دەکاتەوە | 25 |
| 2. خشتەی (٢) گەرەکی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە | 26 |
| 3. خشتەی (٣) جۆری نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە | 26 |
| 4. خشتەی (٤) ئاستی بژێویی نموونەی توێژینەوە روون داکاتەوە | 27 |
| 5. خشتەی (٥) جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە | 28 |
| 6. خشتەی (٦) دەبێت ئافرەت لە ماڵ کاربکات و پیاویش بژێوی دابین بکات ڕووندەکاتەوە | 29 |
| 7. خشتەی (٧) هاوکاری پیاو لە ئیشی ماڵ روون دەکاتەوە | 30 |
| 8. خشتەی (٨) ئافرەت رای هەیە لە بریاردان روون دەکاتەوە | 30 |
| 9. خشتەی (٩) پیاو رێگە دەدات خێزانی لە دەرەوە کاربکات روون دەکاتەوە | 31 |
| 10. خشتەی (١٠) بەشداری ئافرەت لە رێکخراوی پیشەیی روون دەکاتەوە | 31 |
| 11. خشتەی (١١) ئاساییە ئافرەت فەرمانبەری حکومەت بێت روون دەکاتەوە | 32 |
| 12. خشتەی (١٢) ئاستی ئاساییبوونی بەشداری ئافرەت لە حیزبی سیاسی ڕووندەکاتەوە | 33 |
| 13. خشتەی (١٣) ڕێژەی رۆیشتنی کچان بۆ قوتابخانە روون دەکاتەوە | 33 |
| 14. خشتەی (١٤) تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت روون دەکاتەوە | 34 |
| 15. خشتەی (١٥) گۆرانی شێوازی ژیان و ئاستەنگی بەردەم کارکردنی ئافرەت روون دەکاتەوە | 34 |
| 16. خشتەی (١٦) کارکردنی ئافرەت و لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی روون دەکاتەوە | 35 |
| 17. خشتەی (١٧) ئافرەت وەک پیاو دەتوانێت خەرجی ماڵ دابین بکات | 35 |
| 18. خشتەی (١٨) ئافرەت لە رێگەی کارکردنەوە یارمەتی ئابووری خێزان دەدات | 36 |

| | |
|---|---|
| 19. خشتەی (١٩) کارکردنی ئافرەت و لادان لە دابو نەریتی کولتووری ڕوونده‌کاته‌وه | 36 |
| 20. خشتەی (٢٠) پەیوەندی ئاستی ڕۆشنبیری و کارکردنی ئافرەت ڕوونده‌کاته‌وه | 37 |
| 21. خشتەی (٢١) ئەرکی ئافرەت تەنیا ئیشوکاری ماڵەوه ڕوونده‌کاته‌وه | 37 |
| 22. خشتەی (٢٢) پەیوەندی کارکردن بە بەهێزبوونی کەسایەتی ئافرەت [illegible] | 38 |
| 23. خشتەی (٢٣) کارکردنی ئافرەت و کەمتەرخەمی لە پەروەردەی منداڵ ڕوونده‌کاته‌وه | 39 |
| 24. خشتەی (٢٤) پەیوەندی کارکردنی ئافرەت بە ئاستی هۆشیاری ئافرەت ڕوونده‌کاته‌وه | 39 |
| 25. خشتەی (٢٥) پەیوەدنی کارکردنی ئافرەت و ئاستەنگی بۆ ئەرکی خێزان ڕوونده‌کاته‌وه | 40 |
| 26. خشتەی (٢٦) جیاوازی ڕەگەزی و بەربەستبوون لەبەردەم کارکردنی ئافرەت ڕوونده‌کاته‌وه | 40 |
| 27. خشتەی (٢٧) پێگەی ئافرەتی کارکردوو و ئافرەتی بێکار ڕوونده‌کاته‌وه | 41 |
| 28. خشتەی (٢٨) پەیوەندی کارکردنی ئافرەت و چاولێکەری ڕوونده‌کاته‌وه | 41 |
| 29. خشتەی (٢٩) پەیوەندی گێچەڵی سێکسی کارکردنی ئافرەت ڕوونده‌کاته‌وه | 42 |
| 30. خشتەی (٣٠) پەیوەندی بیروباوەری ئایینی و کارکردنی ئافرەت ڕوونده‌کاته‌وه | 42 |

**پێشەکی**

کۆمەڵگای کوردەواری کۆمەڵێک بنەما و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە لەگەڵ کۆمەڵگاکانیتر لێکجیادەکرێنەوە، بێگومان چین و توێژەکانی ئەو کۆمەڵەش هەر یەکە و بەپێی ئەرک و مافەکانیان، ڕۆڵ لە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەدا دەبینن. لەم توێژینەوەیە ئافرەت وەکو توێژێکی سەرەکی لە بنیادنانی کۆمەڵگا ڕۆڵی خۆی دەبینێت و شان بە شانی توێژەکانیتر هەڵسوکەوت دەکات و بوونی خۆی تاڕادەیەکی باش لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا نواندووە و نیشان داوە. ئافرەتی کورد هەر لە سەرەتای پرۆسەی ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەک توێژێکی ماندوو و زەحمەتکێش بەردەوامبووە گەلێ ئەرکی لەسەر شانە، وەکو دایک، بەخێوکەری منداڵ، لە نێو ماڵ و دەرەوە کار دەکات، ئیشی کشتوکاڵ، بازرگانی، میوانداری، مەڕومالات بەخێوکردن و گەلێ جار ئیش و کاری قورسیشی ئەنجامداوە، ڕاستە لە ڕوانگەی جەستەییەوە جیاوازییان لەگەڵ پیاوان هەیە، بەڵام لەڕوانگەی ئەرک و ماف و بەرپرسیارییەوە یەکسانن. بەڵام بارودوخە کۆمەڵایەتی-کولتووری وای کردووە کەوا وەکو پاشکۆیەکی پیاو شرۆڤە بکرێت. کارکردنی ئافرەتان یارمەتیدەری گەشەپێدانی ئاستی ئابووریی خێزان و هۆکاری گەشەسەندنی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی. بە تایبەتیش هاوسەنگی لەنێوان کاروباری دەرەوە و ناوخۆیی خێزاندا دروست دەکات. کارکردنی ئافرەت، سوودی زۆری هەیە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژین، چۆنکە ژنان بەشداری کارا بۆ گەشەپێدانی ئابووریی کۆمەڵگا دەکەن، هەروەها پاڵپشتی بەرهەمداری و هەمەجۆریی کاری ئابووری و بەدیهێنانی یەکسانی داهات لەگەڵ پیاوان دەکات. ئەم توێژینەوەیە (تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت) توێژینەوەیەکی چەندایەتیە میتۆدی وەسفی شیکاریە لە ڕێگەی رووپێوە کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی راپرسی هەڵساوە بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوە.لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکە باس لە رەهەندەکان و چەمکەکانی توێژینەوەکە دەکات،بەشی دووەم باسی توێژینەوەکانی پێشووی تیۆری توێژینەوەکە دەکات،بەشی سێیەم باگراوندی ئابووری کۆمەڵایەتی و کولتووری تێروانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت دەخاتەروو.بەشی چوارەم باس لە چوارچێوەی میتۆدەکانی توێژینەوەکە دەکات ،بەشی پێنجەم بریتیە لە شیکردنەوەی خشتەی زانیارییە تایبەت و گشتییەکان، بەشی شەشەم پێک دێت لە ئەنجام و راسپاردە و پێشنیار و لیستی سەرچاوەی توێژینەوەکە.

# بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان

## باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

1. گرفتی توێژینەوە

2. گرنگی تۆێژینەوە

3. ئامانجی توێژینەوە

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان توێژینەوە

1. پێگەی کۆمەڵایەتی

2. تێروانین

3. تێروانینی پیاو

4. کار

5. کارکردنی ئافرەت

# دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری توێژینەوە

## بەشی یەکەم : ڕەهەندەکانی توێژینەوە و دیاریکردنی چەمکەکان

### باسی یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوە

### 1. گرفتی توێژینەوە

ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر دەستنیشانکردنی تێڕوانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت، لە پرۆسەی ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردی، هەروەها ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت، کێشەی سەرەکی گەشەسەندنی کۆمەڵگایە. کولتوور، بەها، دابوونەریت، خێزان و پەیوەندیی کۆمەلایەتی ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت دەکەن، بۆیەش کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت لە روانگەی ئابووری و کۆمەلایەتی، ئاستەنگی بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگای توێژینەوە دروستکردووە، بۆیەش دەستنیشانکردنی هۆکار و باگراوندی چۆنیەتی ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەژمار دەکرێت. گرفتی توێژینەوە زانینی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان چییە؟

### 2. گرنگی تۆێژینەوە

ئەنجامدانی تۆێژینەوە سەبارەت بە (کاریگەری تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان) بابەتێکی گرنگە، چونکە ئافرەت ڕەگەزێکی سەرەکی کۆمەڵگایە و ڕۆڵی تەواوکاری لە کۆمەڵگادا هەیە. توێژینەوە لە هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم کێشانە بە شێوەیەکی زانستی و ورد، کاڕێکی گرنگ و جێی بایەخە. ئەم تۆێژینەوەیە بە پشتبەستن بە سەرچاوە و دەقی زانستی باوەرپێکراو و شیکردنەوەی بابەتەکان بە پێی باگراوندی تیۆری، ئەمەش گرنگی تۆێژینەوەکە زیاتر ئەخاتە روو. بەو پێیەی توێژەر بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەژداری لە کۆمەڵگای توێژینەوە و واقعی ژیانی کۆمەلایەتی دەبێت، ئەمە خالێکی گرنگی ئەم تۆێژینەوەیە. هەروەها توێژەرانیتر دەتوانن سوود لەم تۆێژینەوەیە وەربگرن بۆ ئەنجامدانی تۆێژینەوەی جیاوازتر لەسەر ئەم بابەتە لەژێر هاندانەکان و ڕۆشنایی ئەم تۆێژینەوەیە، خالێکیتری گرنگی ئەم تۆێژینەویە خۆی لەو راسپاردە و پێشنیارانە دەبینێتەوە کە لە کۆتایی توێژینەوەکە دەخرێنەروو وەکو چارەسەرێک بۆئەم کێشەیە، دەکرێت سوودی لێ وەربگرێت.

## 3. ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەی زانستی دەستنیشانکردنی راستیەکانە دەربارەی وەلامی ئەم پرسیارانەی کە لە هزری توێژەر گەلاڵە بوون لە بارەی بابەتی توێژینەوە وئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :

١- زانینی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردی.

٢- دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

٣- زانینی ئەو هاندان و پاڵنەرانەی کە وا لە ئافرەت دەکات کار بکات و هێزی خۆی بەدیار بخات لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوە

لە گرنگترین پێداویستیەکانی توێژینەوەی زانستی بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵناسیدا پێناسەکردنی چەمکەکانە، کە توێژەر لە میانەی توێژینەوەدا مامەلەی لەگەڵیدا دەکات، چەمکە زانستیەکان ئامرازێکی هێمای کورت و دیار و ڕوونن، بۆ گوزارشتکردن لە مانایەک یاخود چەندین مانا و بیرو و بۆچوونی دیاریکراو پشتیان پێدەبەسترێت، بەو هۆیەوە دەگەین بەو بابەتانەی کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت (الساعی، ١٩٨٢: ٣٤). بۆیەش چەمکە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

### یەکەم : پێگەی کۆمەلایەتی:

زۆربەی کات وشەی پێگە بۆ وەسفکردنی ئاستی ئیعتیباری کۆمەلایەتی کەسێک بەکاردێت، بیرمەندانی کۆمەڵناسانیش ئەم وشەیە بۆ بار (position ) لە کۆمەڵگادا بەکاردێنن(موحسنی، ٢٠٠٢: ٢٤٣ ). هەروەها بە بارودودۆخێکی کۆمەلایەتی و پلەیەك دەگوترێت کە تاك لە گروپ یان ئاستی کۆمەلایەتیی گرۆپێکدا بە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ گرۆپەکانیتر بە دەستی دێنێت، پێگە و بارودودۆخی کۆمەلایەتی تاك ماف و بەرژەوەندیەکانی تاك دیاری دەکات(Smith, 1968: 13-14).

پێگەی کۆمەلایەتی، کۆمەڵێك ماف و ئەرك دەگرێتەوە کە دەربڕی شوێنگەی کەسێکە لە بەرامبەر کەسانی دیکەدا، جا ئەم پەیوەندیانە چ ئاسۆیی بن یان ستوونی، لەسەر بناغەی یەکسانی بن یان پلەوپایە، یان بەسترابنەوە بە بەرژەوەندی کۆمەلایەتی یان شانازی پێوە کردن (Schaefer, 2005: 324).

پێناسەی کارڕایی پێگەی کۆمەڵایەتی بریتییە لەو پلە و پایە کۆمەڵاتییەی کە تاکەکان لە رێگای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێ لەناو گرۆپێکدا بەدەستی دێنێت.4

## دووەم: تێروانین

تێروانین بەواتای رێکخستنێکی سەقامگیرە بۆ پڕۆسەی پاڵنەری و کاردانەوەی و درک پێکراوی و زانیاری لای تاک بەرەو ئەو جیهانە تایبەتە و سایکۆلۆژیەی کە بە دەنگەوە هاتنی بۆ لایەنێک دیاری دەکات(الکتانی، ٢٠٠٠: ١٤١).

تێروانین بەواتای ئامادەباشیەکی تایبەت و گشتیە کە تاک دەستەبەری دەکات، بە پلەی جۆراوجۆر بۆ وەڵامدانەوەی شتەکان و ئەو هەڵوێستەی بە شێوازی دیاریکراو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە یان ڕێگرییان دەکات (Guilford , 1950: 452). هەروەها بریتییە لە ئامادەباشیەکی وەرگیراوی نەگۆڕی رێژەییە کە لە لایەن تاکەکانەوە دیاری دەکرێت، سەبارەت بە هەندێک شت و کەسانێک و چەند بیروباوەرێک(ولی و محمد، ٢٠٠٤: ١٤١).

پێناسەی کارڕایی تێروانین بریتییە لە: کۆمەڵێک بیروبۆچوون یان هەڵوێستێکی دیاریکراو کە لەلایەن تاکێکەوە ئاراستە دەکرێت.

## سێیەم: تێروانینی پیاو

تێروانینی پیاو بۆ ڕۆڵ و ئەرکی ئافرەت دەوری سەرەکی دەبینێت لەکۆمەڵگادا، واتا بە شێوەیەکی گشتی کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگا لەنێوان پیاوەکاندا بیرۆکە و هەڵوێستی جیاوازی هەیە(لهستانی زادە، ١٣٨٠: ١١٣).

پێناسەی کارڕایی تێروانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت خاوەن باگراوندێکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییە، هەڵسوکەوتی بەپێی ئەو باکگراوندانە پێناسەی کارکردنی ئافرەت دەکات.

## چوارەم: کار

کار یەکێکە لە هۆکارە سەرەکی و گرنگەکانی بەرهەمهێنان، وەک ئادەم سمیث (Adam smith ) دەڵێت سامانی جیهان بە گشتی لە ڕاستیدا لە کار بەدەستهاتووە، هەموو پێداویستیە گرنگەکانی ژیانی میللەتان و خۆشگوزەرانیان لە ئەنجامی دەستکاری تاکەکانی ئەو میللەتەوە هاتووە (سەماقەی، ٢٠١٠: ١٠٤ ).

کار ئەنجامدانی ئەرک گەلێکە کە لەخۆگری تێچوونی هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆحی و جەستەییە و ئامانجەکەشی بەرهەمهێنانی کاڵاکان و خزمەتگوزارییە پێویستیەکانەوە ئەنجامدەدرێت (گیدنز، ٢٠٠٩: ٦٧٠).

کارکردن هۆکارێکە لە هۆکارەکانی سەلماندنی خود کە تاک تیایدا هەوڵدەدات ئامانجەکانی بهێنێتەدی و حەز و ئارەزووەکانی پڕبکاتەوە، دەرفەتێکە تاکو لە ڕێیەوە تواناکانی خۆی بدۆزێتەوە لەو بوارەی کە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت (معروف، ١٩٨٠: ٣١).

پێناسەی کارڕایی کار بریتییە لە: هۆکارێک کە تاک تیایدا هەوڵدەدات ئامانجەکانی بەدی بهێنێ و حەز و ئارەزووەکان پڕبکاتەوە، واتە هەموو هەوڵێک دەدات بۆ پڕکردنەوەی لایەنی ماددی و مەعنەوی لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

## پێنجەم: کارکردنی ئافرەت

ئافرەتی کارکردوو، ئەو ئافرەتەیە لە دەرەوەی ماڵ کاردەکات وپارەی کارەکەی وەردەگرێت کە دوو ڕۆڵی سەرەکی لە ژیاندا دەبینێت وەک ژنی ماڵەوە و فەرمانبەر(زینەب و نوال، ٢٠٢٠: ٩). ئافرەتێک کە لە دەرەوەی ماڵەکەی کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی پاداشتێکی دارایی بۆ دابینکردنی پێداویستی ژیان و یارمەتیدانی مێرد بۆ بەدیهێنانی ئاسایشی ئابووریی خێزان، یان بە هۆی بێوەژنی یان تەڵاق، ڕەنگە کارەکەی تەواوکات بێت یان نیوە کات بێت(بلعابد، ٢٠١٥: ٦١).

کارکردنی ئافرەت، بریتییە لەو ئافرەتەی کارێک بە ئەنجام بگەینێت لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان، ئەویش بە مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و دەستکەوتی ئابووری (عبدالفتاح، ١٩٩٠: ١٠٦). بە واتایەکیتر مەبەست لە ئافرەتی کارکەر ئەو ئافرەتەیە کە کارێک یا پیشەیەک بە ئەنجام دەگەینێت لە دەرەوەی ماڵی خۆی کە چەند کاتژمێرێک لە کاتی خۆی تەرخان دەکات لە بەرامبەر وەرگرتنی کرێیەک بۆ پڕکردنەوەی بژێوی ژیانی ڕۆژانەی (مەلیکە، ٢٠٠٤: ٧).

پێناسەی کارڕایی کارکردنی ئافرەت بە واتای ئەنجامدانی کارێکیتر لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆیدا، لە بەرامبەر کارەکەی پاداشتی ماددی وەردەگرێت بۆ پێداویستیەکانی خۆی و خێزانەکەی، سەرەرای ئەرکەکانی خۆی لە بەڕێوبردنی ماڵ و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانی.

# بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنی توێژینەوە و تیۆرەکانی توێژینەوە

## باسی یەکەم: پێداچوونەوەیی توێژینەوە و تاوتێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

## باسی دووەم: تیۆری فیمینزم

# بەشی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنی توێژینەوە و تیۆرەکانی توێژینەوە

## باسی یەکەم : پێداچوونەوەیی توێژینەوە و تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

لەخستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر دەتوانێت سوودمەندبێت لەو زانیاری و ڕێوشوین و میتۆد و بوارەکانی توێژینەوە و نموونە و گرنگترین ئەو دەرەنجام و ڕاسپاردانەی پێیگەیشتوون بخەینە روو، تاوەکو وەک بنەمایەک سوودیان لێ ببینین، لێرەدا بە کورتی دیانخەینە ڕوو:

توێژینەوەی کانیاو کریم ابراهیم بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ) کە لە ساڵی (٢٠٢٠) ئەنجامدراوە(ابراهیم، ٢٠٢٠). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەک دیاریکردنی بەهێزترین هۆکار لە کارکردنی ژنان و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەروەردەی منداڵ. ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لە پەروەردەکردنی منداڵدا. کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە ناوەندی شاری هەولێر، نموونەی توێژینەوەکە ئەو ئافرەتانەی کە دایکن و فەرمانبەرن لە کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی. لەڕووی ژمارەی نموونەی توێژینەوە (١٥٠)یەکە (ئافرەت)وەرگیراون، (٥٠) لە کەرتی پەروەردە (١٠٠) لە کەرتی تەندروستی. بەشێوەی نموونەی مەبەستدار وەرگیراون. میتۆدی بەکارهاتوو (میتۆدی وەسفی شیکارییە - ڕۆپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە) بەکارهاتووە. هەروەها فۆرمی ڕاپرسی وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنراو. کەرستە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیە بریتیبوون لە(ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ، هاوکۆلکەی پەیوەندی سپێرمان، ناوەندی سەنگکراو). گرنگترین ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە دەرکەوت لەم توێژینەوەیە کە کارکردنی ئافرەت کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی جەستەی منداڵ دروست نەکردووە ئەوەش بەهۆی ساڵانە پشکنینی تەندروستی بۆ منداڵەکان ئەنجام دەدەن، و کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ لە نیوەی ڕۆژەکە زیاتر کاریگەری نەرێنی لەسەر دەروونی منداڵ دروست دەکات، هەروەها کارکردنی نموونەکە لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی نەمانی ئارامیەتی خۆیان بەرامبەر بە منداڵەکانیان نەک کامبۆنەوەی سۆز و لاوازی پەیوەندیان لەگەڵ منداڵەکانیان، لە کاتێکدا ڕەنگدانەوەی کارکردنی نموونەکە لەسەر منداڵەکانیان دەرکەوتووە کە سیفەتەکانی بەکۆمەڵایەتی و پشتبەخۆ بەستن بەرجەستە بۆ لە منداڵەکانیاندا.

بەراوردی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی ( کاریگەری تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان)کۆمەڵێک خالی هاوبەش هەیە لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەوەی ئەو شێوە تەقلیدی و باوەی جاران کە ژن ئیشی ماڵەوە و پیاو ئیشی دەرەوە بکات نەماوە، گەیشتن بەو ئەنجامەی کە کارکردنی ئافرەت کاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ نابێت و نابێتە هۆی لاوازی پەیوەندی کۆمەلایەتی لە نێو خێزان لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە کە ئافرەت توانای بریاردانی هەیە لە چوارچێوەی خێزان. ئەم ئەنجامانە کۆمەلێک خاڵی هاوبەشن لەگەڵ ئەو توێژینەوەی کە لەبەردەستتدایە، هەروەها جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ (کاریگەری توێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان)ئامانجی توێژینەوەیە کە بریتین لە رەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر گەشەکردنی جەستەی و دەروونی منداڵ ، و کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ بۆتە هۆی نەمانی ئارامی خۆیان بەرامبەر منداڵەکانیان نەک کەم بوونەوەی سۆز و لاوازی پەیوەندیان لەگەڵ منداڵەکانیان. هۆکاری جیاوازی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە جیاوازی رەگەزی نموونەی توێژینەوە و ژمارەی نموونەی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوە کە بە شێوەی مەبەستدار وەرگیراوە.

توێژینەوەی فاطمە مراد ملا بە ناونیشانی (گۆرانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژن لە خێزانی کوردیدا) کە لە ساڵی (٢٠١٥) ئەنجامدراوە(ملا، ٢٠١٥). توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە چەند ئامانجێکی دەست بکەوێت، وەک زانینی پەیوەندی نێوان گۆرانی کۆمەڵایەتی و پێگەی ژن لەناو خێزان و زانینی پەیوەندی نێوان گۆرانی کۆمەڵایەتی و کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ و بەشداریکردنی ژن لە کاری سیاسی. نموونەی توێژینەوە سێ گەرەکی مامناوەند و دوو گەرەکی دەوڵەمەند و سێ گەرەکی هەژار لە هەڵبژاردنی گەرەکەکاندا رەچاوی شوێنی جوگرافی و هەرسێ ئاستی نزم و ناوەند و بەرزی کراوە لەرووی ژمارەی نموونەی توێژینەوە (١٥٠) خێزان لە گەرەکە هەژارەکان و (١٥٠) خێزان لە گەرەکە مامناوەندەکان و (١٠٠) خێزان لە گەرەکە دەوڵەمەندەکان بەشێوەی نموونەی هەرەمەکی چینایەتی وەرگیراون. میتودی بەکارهاتوو (میتۆدی مێژووی، میتۆدی بەراوردکاری، میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە) بەکارهاتووە. هەروەها فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و تێبینیکردن وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتوو. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە جیاوازی هەیە لە بەرزبوونەوەی پێگەی ژن لە گەرەکەکانی شاری هەولێر، لە گەرەکە دەوڵەمەند و ناوەندەکان نزیکەی وەک یەکە، لە گەرەکی هەژار پێگەی ژن نزمترە. دابەشکردنی کار شێوازێکی دیکەی وەرگرتووە ئەو شێوە تەقلیدی و باوەی جارانژن ئیشی ماڵەوە و پیاو ئیشی دەرەوە بکات، نەماوە بەمەش ژن پێگەی بەرزتر بۆتەوە. لە کوردستان لەدوای راپەرینی (١٩٩١) ڕێکخراوی پیشەی و حزبی زۆر دامەزراون، بەتایبەتی ئەو رێکخراوانەی بانگەشەی یەکسانی ژنو پیاو دەکەن، سەرەڕای ئەمانەش رێژەی بەشداری کردنی ژن لە کاری سیاسیدا زۆر کەمە

ئەگەرجی خەلکیش درکی بەو ڕاستییە کردووە کە ژنیش دەتوانێت کاروباری سیاسی هەڵسوڕێنێت، بەڵام هێشتا زۆر ئاسایی نییە ببێتە ئەندامی حیزبێک یان ڕێکخراوێکی پیشەی، لە بارامبەردا ژنان ئازادییەکی تەواویان لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی پەرلەمان و حکومەتدا هەیە، هەروەها ژن دەتوانێت خۆی بۆ پۆستی حکومی کاندید بکات.

بەراوردی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی( کاریگەری تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان) کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش هەن بریتین لە بەژداری کردنی ئافرەت لە کاری سیاسی و گۆرانی کۆمەڵایەتی و کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و پێگەی ژن لە خێزان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەی(کاریگەری تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان) جیاوازن کە بریتین لە پێگەی ژن لە گەرەکەکانی شاری هەولێر و لە ئەنجامی ئەو گۆرانانەی لە کوردستان لە دوای راپەرینی (١٩٩١) بۆتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ سەرچینی جیاواز ئەوانیش چینی دەوڵەمەند، ناوەند، هەژار کە پێگەی ژن لە چینی دەوڵەمەند و ناوەند بەرزترە لە ژنانی چینی هەژار. هۆکاری ئەم جیاوازیانەش جیاوازی لە ئامانجی توێژینەوە و کۆمەڵگای توێژینەوە و جیاوازی لە میتۆد و نموونەی توێژینەوە.

## باسی دووەم: تیۆری فیمینزم

لەم بەشەدا ئەم بابەتە تاوتوێ دەکەین کە کام تیۆری بۆ ئەم توێژینەوەیە گونجاوترە هەوڵماندراوە بەکاری بهێنن بۆ شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش بەو دەرئەنجامە گەیشتین کە تیۆری فیمینزم (Feminism theory) گونجاوترە بۆ ئەو بابەتەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکەین، تیۆری فیمینزم لە چەند رەوتێکی فکری پێکهاتووە، تێکرایی ئەم رەوتانە کار دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی مافی ژنان لە رووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یاسایی و مافی بریاردان لەسەر چارەنووسی خۆی. یان فیمینزم کاردەکات لەپێناو بەدەستهێنانی مافی ئافرەتدا، هەروەها فیمینزم لە ئەنجامی نەبوونی یەکسانی هاتوتە کایەوە، فیمینزم وەک بزاڤێکی کۆمەڵایەتی و هزری لە فراوانترین مانایدا، کە لە هەوڵی بەرزکردنی پێگەی ژناندایە وەک گرۆپێک لە کۆمەڵگادا. رەنگە بتوانین بڵێین بە درێژای سەدەی بیستەمدا، فیمینزم یەکێک بوو لەو بزاڤە کۆمەڵایەتی و هزریانەی کە زۆرترین مشتومڕی لە ئاستی جیهاندا دروستکردووە. زۆر لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی و هزریانەی زۆرترین مشتومری لەئاستی جیهاندا دروستکردووە، زۆر لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، دەشێ لە یەکەمجاردا بە هەڵقوڵاوی ئەو بزاڤە لە قەڵەم بدەین (فریدمەن، ٢٠٠٥: ٥). فێمینیزم بزوتنەوەیەکە ئامانجی دادپەروەری و بەرگری کردنە لە یەکسانی مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری بۆ ژنان، ژن بە زۆر کێشە و سەختی و گرژیدا تێپەڕی تا بوو بە ئەندامێکی گرنگی کۆمەڵ. لە ڕابردوودا ژن هیچ مافێکی نەبوو، پشتگوێ خرابوو، جیاکرابوەوە، خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکرا لە لایەن پیاوەوە، بە سەرهەڵدانی فێمینیزم دیمەن و وێنەی ژن بە تەواوەتی گۆڕا لە بوکەڵەیەکی دەستی پیاوانەوە بۆ شاژن، سەرۆک، هونەرمەند، مامۆستا....، فێمینیزم ڕەمزی یەکسانییە و خواستی ئەوەیە باوەڕ بە هەمووان بکات کە ژن شایستەی یەکسانییە لە هەموو بوارەکاندا، وە توانی کێشەی ژن چارەسەر بکات و کۆتایی بە نادادپەروەری بهێنێت بەرامبەریان.فێمینیزم دەنگی ژن بوو لەو کاتانەدا کە ژن نەیدەتوانی قسە بکات و هەست خواستەکانی خۆی دەربڕێت.فێمینیزم ئەو باوەڕەی چەسپاند کە ژن دەبێت شانازی بە خۆیەوە بکات و هەست بە گرنگی بوونی خۆی بکات (بەرزنجی،٢٠٠٦:٤).

# بەشی سێیەم: باگراوندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت

باسی یەکەم: قۆناغە مێژووەکانی کارکردنی ئافرەت

باسی دووەم: تێروانینی کۆمەڵگا بۆ کار کردنی ئافرەت

باسی سێیەم: پاڵنەرەکانی کارکردنی ئافرەت

1. پاڵنەری خودی
2. پاڵنەری ئابووری
3. پاڵنەری زانستی
4. پاڵنەری کۆمەڵایەتی

باسی چوارەم: ڕێگرییەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت

1. ئاستەنگی کۆمەڵایەتی
2. ئاستەنگی کولتووری
3. ئاستەنگی ئابووری

باسی پێنجەم: تێڕوانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت

1. کۆمەڵایەتی
2. کولتوور
3. ئایین
4. ئابووری

# بەشی سێیەم: باگراوندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت

## باسی یەکەم: قۆناغە مێژووەکانی کارکردنی ئافرەت

لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە درێژایی مێژوو، ئافرەت توانیویەتی ڕۆڵ ببینێت و وەکو ڕەگەزێکی چالاک لەبوارە جیاوازەکانی کارکردندا دەربکەوێت، بەڵام بێگومان شێوازی کارکردنەکەی و رەوتی بەرەوپێشچوونیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەلایەکیتریشەوە کولتووری کۆمەڵگاکان ئەگەر چی کۆمەڵگای بچوکیش بووبن، شێواز و سروشتی کارکردنی ژنانی دیاریکردووە، واتە لێرەوە جۆرێک لە کاری ژنانە و پیاوانە هاتۆتە ئاراوە، دواتریش جۆرێک لە قەدەغەکاری هەبووە لەکارکردنەکاندا کە ئەگەر پیاوانە بووبێت یاساغ بووە، بەپێی نەریت و عورف ژنان ئەوکارە ئەنجام بدەن، زۆرجاریش ئەمە زیاتر وەکو تانە دەرکەوتووە بۆ پیاوان، چۆن دەبێت پیاوێک لەئارابێت و ژنێک هەستێت بەو کارە. پێچەوانەی ئەمەش هەردروستە کاری ژنانە ئەگەر لەلایەن پیاوانەوە ئەنجامدرابێت ئەو پیاوە بۆتە جێی قسە و گاڵتەپێکردن. لەسەر بنەمای سادەترین دابەشکردنی کار لە نێوان ژن و پیاو لە کۆندا، لەو کاتەی کە تیایدا پیاو (باوک) دەڕۆی بۆ ڕاوکردن کە چالاکیەکی بەرهەمهێنانی بێ گەرەنتی بوو، ژن (دایک) پسپۆر بوو لە بەخێوکردنی منداڵ و چاندنی هەندێک بەربوومی خۆراکی و کۆکردنەوەی میوە، و بەرهەمی درەختەکان، ئەم چالاکیە ئابوورییەی ژن زیاتر گرەنتی هەبووە لەوەی کە پیاو ئەیکرد و ئەنجامیدەدا، ئەم کارە وایکرد ژنان پێگەیەکی ئابووری و پەروەردەیی زیاتر کاریگەر و باشتریان هەبێت بە بەراورد لەگەڵ پیاوان(الجبوری، ١٩٨٠: ١٤).

ئافرەتی کوردیش وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا و لەچوارچێوەی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی کە هەیە ئەرک و رۆڵەکانی دیاریکراون و لەئەنجامدا پێگەیەکی بەدەستهێناوە. یاخود لە رێگەی بۆ ماوەییەوە پێگەیەکی پێسپێردراوە. ئەوەی تێبینیکراوە لە کۆمەڵگای کشتوکالی و ئاژەڵداریی کوردی، جیاکاری لە نێوان ئافرەت و پیاو کەمبووە، لە ئیشوکاری ڕۆژانەدا هەر کامەیان وەزیفەی تایبەت بەخۆی هەبووە، راستە پیاو لە دەرەوە ئیشیکردووە، بەلام ئەو دەستهەقەی کە وەرگرتووە لەلای ئافرەت دانراوە، واتا ئافرەت بانکی داهاتی خێزانی بووە، بەشێک لە پێداویستییەکانی خێزان لەلایەن ئافرەتەوە لە ڕێگەی ئەو داهاتەوە دابینکراوە.

## باسی دووەم: تێروانینی کۆمەڵگا بۆ کار کردنی ئافرەت

لە لایەک ئەوانەی پێیان وایە ئەو جیاوازییەی لە نێوان پلەو پایەو ڕۆڵ و مافی پیاو و ئافرەت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان و لە کۆمەڵگا مێژووییەکانیشدا بە دی دەکرێ، تەنیا بە تەفسیری پیلانگێری و تۆمەتبارکردنی پیاوان و بەستنەوەی هۆکارەکە بەکارتێکەرە بابەتی و دەرەکیەکانەوە لێک نادرێتەوە، بگرە هۆکارە سەرەکیەکە و بناغەی جیاوازییەکە بە پلەی یەکەم زاتیە و پەیوەستە بە سروشتی پێکهاتەی بایۆلۆژی ئافرەت، هەر ئەوە وای کردووە کە ڕەگەزی ئافرەت پلە دوو بێت، چونکە دابەشکردنی کار لەنێوان ئافرەت و پیاودا لە سەرەتای ڕۆژەکانی مێژووی تیرەی بەشەرەوە کت و مت وەک ئەو دابەشکردنە باوەی ئەمڕۆکە بووە، کە کاری پیاو لە دەرەوەی ماڵ بێت، کاری ئافرەتیش لە نێو ماڵ و خێزاندایە(غەفوور، ٢٠١١: ١١ ). بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر کار کردن لە کۆمەڵگا بۆ ئافرەت دیاریکراوە ئەوانیش بریتیین لە:

یەکەم : کاری ماڵداری، یان بە واتایەکیتر، کار کردن بەبێ مووچە، لە سادەترین پێناسە دا ، واتای چڕکردنەوە و سنوردار کردنی چالاکییەکان و هێزی ئافرەتە لە ماڵەوە کە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ڕاپەراندنی کارەکانی نێو ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵانە، ئەمەش شێوازێکە لە کار کردن، بەبێ وەرگرتنی هیچ بەرامبەرێکی ماددی (گیدنز، ٢٠٠٩: ٦٦٢ ).

دووەم : کارکردن لە دەرەوەی ماڵ، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی کار کردن، واتە ئەنجامدانی چالاکی ژن لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ وەرگرتنی مووچە (گیدنز، ٢٠٠٩: ٦٦٤ ).

## باسی سێیەم: پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان

بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە تەکنەلۆژی و ئایدۆلۆژیانەی کە بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتووە، ئافرەت ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لەهاتنە ناو ژینگەی کار و چەسپاندنی بوونی خۆی، ئەمەش بووە هۆی بەدەستهێنانی گەلێک دەستکەوت لە ڕووی ئابووری، کۆمەلایەتی و دەروونییەوە، هەر بەهۆی کارکردنەوە بوو کە ئافرەتان هۆشیار بوونەوە و بە ئاگا هاتنەوە لەوەی کە پێویستە هەوڵبدەن بۆ دەستکەوتنی پێگەیەکی کۆمەلایەتی باشتر و کاراتر لە کۆمەڵگادا. زیادبوونی هەستی بەرپرسیارێتی، شانازیکردن بەکارکردن و لەهەمان کاتدا پێشکەشکردنی کاری بەرهەمدار، هەروەها هەستکردنیان بە بەهای کۆمەلایەتیان، ئەمەش وایکرد کە کەسێکی بکەر و چالاک بن لە کۆمەڵگادا. کۆمەڵێک پاڵنەری گرنگ هەیە کە هانی ئافرەتان دەدەن بێنە ناو ژینگەی کارکردنەوە لەوانەش:

### ١- پاڵنەری خودی

پاڵنەری خودی بە پاڵنەری سەرەکی لە پشت کارکردنی ئافرەتانەوە دادەنرێت، کارکردن ئامرازێکە لای ئافرەت بۆ سەلماندنی خودی و دەرخستنی کەسێتی خۆیان، وەک تاکێک کە خاوەنی ماف و ئەرکی خۆیەتی بەکاریدەهێنێت، چونکە کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی پێگەیەکی گرنگ لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا و هەر ئەو کارکردنەیان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کەسێتیان و دۆزینەوەی خۆیان و هەستکردنیان بەوەی کە تاکێکی بەرهەمهێنن و دەتوانن بەرامبەر بەربەستەکانی ژیان ببنەوە، ئەگەر بەتەنهاش بن( بکاکره، ٢٠١٤: ٢٨). ژنە نوسەری میسری ( د.نوال السعداوی) وایدەبینێت کە ژن لە وەرگرتنی مافی لە سروشتدا وەک مرۆڤێک لە ڕێگەی دەرچونیەتی لە ماڵ بۆ کارکردن( السعداوی، ٢٠٠٦:٢٠٦). کەواتە کارکردن بە سیفەتێک لە چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە کە بە بەشێکی جەوهەری دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤدا و هەر ئەم کارە پایە و پلەیەکی بەرزی دەداتێ و دەیبەستێتەوە بە کۆمەڵگا، چونکە سوودە مەعنەوەییەکانی ژن کە بە دەستی دەهێنێت لەرێی کارکردنەوە زۆر بەبایەخترە لەو سود و قازانجە ماددییانەی کە دەستی دەکەوێت بەهۆی کارەکەوە و بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە سەیردەکرێت کە هەر بەو هۆیەوە دەتوانێت توانای خۆی بسەلمێنێت لەبەرهەمهێنان و بەشداربوونی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگادا، سەرەڕای ئەوەش کارکردن بە چارسەری هەندێ لە شلەژانە دەروونییەکان دادەنرێت کە هەندێک لە ژنان خۆی بە خێزانەکەی، کۆمەڵگا، نیشتیمانەکەی، یارمەتیدەرە لە دەربازبوون لە رۆحی تاکگەرایی و گەڕان بەدوای ئاسودەیی ئارامی برەودان بە ڕۆحە مەعنەوەییەکەیان، هەروەها بەهۆی کارکردنەوە رازی بوون بە خود دروستدەبێت و هەوڵدەدات بگات بە ئامانجەکانی خۆی ( قادر، ٢٠١٢:٥٠).

دەرئەنجامی کارکردن دەبێتە هۆی پەرەسەندنی کەسێتی ئافرەت وای لێدەکات کەخۆی بدۆزێتەوە شانازی بکات بەوەی کەسێکی بەرهەمهێن و بەسوودە و لە تواناکانی خۆی و کەسێتی خۆی رادەبینێت کە بەرەنگاری هەموو سەختیەکان ژیان بێتەوە ئەگەر بەتەنهاش بێت. هەربۆیە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر پاڵنەری کارکردنی ژن تەنها لە دەسکەوتە ئابووریەکەدا بچوک بکەینەوە بەڵکو لە ناخی زۆرینەی ژناندا سەلماندنی خود و دەرخستنی تواناکانیان لە کۆمەڵگادا لە دەسکەوتە ئابووریەکە گرنگترە.

## 2- پاڵنەری ئابووری

یەکێک لە پاڵنەرە گرنگەکانی کارکردن، پاڵنەری ئابوورییە، مەبەست لێی دابینکردنی بژێوی ژیانی ژن خۆی و خێزانەکەیە، ئەمەش مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو دەرامەتەی کە دەرئەنجامی کارکردنی بە داهاتی کە دەستی دەکەوێت دەتوانێ ئەو پێداویستیانەی پێ پڕبکاتەوە، ئەو لایەنە پۆزەتیفانەی کە دەبیبرێت لە کارکردنی ژناندا، ئەوەیە کە هەست بە بوون و کەسێتی خۆی دەکات لە چوارچێوەی کاردا، هەروەها هەستدەکات کە بەرهەمهێن و بەدیهێنەرە و گرنگی هەیە لە کۆمەڵگادا، لە زۆرترین ئەو دەسکەوتانەی کە ژنانی ئیشکەر بە دیانهێناوە لە ڕێی کارکردنیانەوە لە دەرەوەی ماڵ، دەسکەوتی ئابورییە. ژنان بۆ سەلماندنی خودی خۆیان و هەستکردنیان وەک ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵگا، پێویستە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆبن، بۆیە ئەو ژنانەی کاردەکەن خاوەن مووچە و داراییەکی سەربەخۆیی خۆیانن، زیاتر هەست بە سەربەخۆی لایەنی ماددی خۆیان دەکەن و لە پاشکۆیەتی خەڵکانیتر و کەسانێکی ئازادن (عبدالفتاح، ١٩٧٢: ٢٤٣).

## 3- پاڵنەری زانستی

بێگومان دوای هاتنە دەرەوەی ئافرەتان لەماڵ و بەشداریکردنی لە پرۆسەی خوێندن و فێربوون و تەواوکردنی زانکۆ و پەیمانگا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانستی لەبوارە جیاجیاکاندا، ئەو پلە زانستیەی کە بەدەستیان هێناوە وایکردووە کە گەشە بەبواری داهێنان و پلەی بەڕێوبەری و هونەری و زانستی خۆیان بدەن، توانیویانە بچنە ناو مەیدانی جۆرەها کار و فرمانی جیاوازەوە، دواتر تواناکانیان بخەنە گەڕ بۆ خزمەتی کۆمەڵگا  و بتوانن ئامانجە  دوور و نزیکەکانی خۆیان بسەلمێنن (الحسن، ٢٠٠٥ :٢١٢). هەر بەهۆی بڕوانامەی خوێندنەوە، ژنان دەتوانن کارێک یان پیشەیەک هەڵبژێرن کە لەگەڵ بڕوانامەکەیاندا بگونجێت، چونکە بەو خوێندن و خۆفێرکردنە، دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ئەوکارەی لە دەرەوەی ماڵ ئەنجامی دەدەن و خۆیان و تواناکانیان بسەلمێنن، هەربۆیە بوونی بڕوانامەیەکی زانستی بۆ ژنان دەرگای زۆرێک لە پیشەکانی بۆ دەکاتەوە(الحاج یوسف، ٢٠٠٣: ٥٤). جگە لەمانەش ڕەخساندنی بواری مەعریفی بۆ ژنان و زیاتر هەلی فێرکردن و شارەزاییان لەهەموو بوارە جیاوازەکانیتردا وایکرد کە پیاوان پشت بە ژنان ببەستن لە چالاکییەکانی کاردا، چونکە ژنانیش دەتوانن بەرپرسیاری هەر کارێک هەڵبگرن وەک پیاوان و دەتوانرێت ئاڵوگۆڕی فیکری و شارەزایی لە نێوانیاندا بکرێت(عبدالفاتح، ١٩٧٢: ٢٥٠).

ئافرەتی ئیشکەر بەهۆی سەربەخۆبوونی باری ئابووری و پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و چالاکی بواری مەعریفیانە، زیاتر لە هەوڵی خۆ ڕۆشنبیرکردندایە، بۆیە کاتێک ژن لەڕوی فکرییەوە سەرکوتدەکرێت توشی ململانێ دەبێت، ژنی ڕۆشنبیرو خوێندەوار زیاتر پێویستی بە تێرکردنی فیکری هەیە وەک لەو ژنەی فرسەتی خوێندن یا تەواوکردنی خوێندن و خۆڕۆشنبیرکردنی بۆ نەڕەخساوە.

**٤- پاڵنەری کۆمەڵایەتی:**

ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگاکاندا هاتووە بە شێوەیەکی گشتی وایکردووە کە گۆڕانکاری بەسەر داب و نەریت و بیر و بۆ چوونەکانی تاکەکانی کۆمەڵگاکانیشدا بێت لەبەرامبەر کارکردنی ژنان، بەرزبونەوەی ئاستی خوێندەواری ژنان زۆر یارمەتیدەربووە لە گۆڕینی ئاراستە کۆمەڵایەتیەکانیان بەرە و کارکردنیان لە کۆمەڵگاکاندا (الناقو، ٧٥:٢٠١١).

یەکێک لە پێگە گرنگ و بنەرەتییەکان بۆ ژنان، خێزانەکەی خۆیەتی کە لە ڕابردوودا خێزانەکان رازی نەبوون بە چوونی ژنان بۆ دەرەوەی ماڵ، نەک هەر بۆ کارکردن بەڵکو بۆ بازارکردنیش، هەروەها رازی نەبوون بە تێکەڵبوون لەگەڵ ئەوانیتردا ،بەڵام بەهۆی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەکنەلۆژی، ئاڵۆزبوونی ژیان و زیادبوونی پێویستیەکانی خێزانەکان، وایان لێهات خۆیان کچەکانیان بنێرن بۆ کارکردن تا بتوانن یارمەتی خێزانەکانیان بدەن لە خەرجیەیکانی ڕۆژانەیاندا، دواتریش یەکێکیتر لە پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان کە وایکرد ژنان کاربکەن بەتایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، زۆری کات بەتاڵیی ژنان و نەبوونی هیچ ڕێگایەک بۆ کات بەسەربردن، هەرکات بیەوێ بۆ چالاکیەک بچێتە دەرەوە بە بەردەوامی ئەوا چاوی کۆمەڵگای لەسەردەبێت و لێی دەبێتە تانە، بەڵام بوونی کارێک و کارکردنی لە شوێنێک تا ڕادەیەکی زۆر لەم گرفتانە دووری دەخاتەوە ( قادر،٢٠١٢: ٥٢). هەر بۆیە کاتێک ژنێک کاردەکات سەرقاڵە بە کارەوە و هەوڵدەدات زۆربەی کاتە بەتاڵەکانی پربکاتەوە بە کارێکی بەرهەمهێنەوە و لە بەرامبەریدا مووچەی تایبەتی خۆی وەربگرێت، هەروەها هەوڵدانی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزانەکەی وایکردووە پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی وای بۆ دروستبێت کە بە چاوێکی ڕێز و بایەخ پێدانەوە سەیربکرێت لە لایەنی دەوروپشتەکەیەوە (عبدالفتاح، ٢٤٤:١٩٧٢). کەواتە پاڵنەری کۆمەڵایەتی بە پاڵنەرێکی بەهێز دادەنێرت لە ئاراستەکردنی ژنان بۆ کارکردن بەو پێیەی کۆمەڵگاکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم تا ئێستاش کۆمەڵگایەکی نەریتین و ئایین و داب و نەریت ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ژیانیاندا، بۆیە خێزان و گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵان لە پلەی یەکەمی ڕێزبەندییەکانە لای ژنان، بەڵام لە ئێستادا گۆڕانکاریەکی یەکجار گەورە دەبینێت لە هاندانی ژنان بۆ کارکردن و کەمکردنەوەی ڕێگریە کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان لەبەردەم کارکردنی ژنانە.

## باسی چوارەم: ئاستەنگیەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت

بەشێوازێکی گشتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەدا کۆمەڵێک ئاستەنگ بەردەم کارکردنی ئافرەت هەیە ئەوانیش بریتیین لە:

### یەکەم : ئاستەنگی کۆمەلایەتی

تێروانینی کۆمەڵگا بۆ کەسایەتی تاکی نێر بێت یان مێ لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە تێروانینی کۆمەڵگا بۆ ئافرەت بەشێکە لە تێروانینی خێزان، لێرەشدا لە دروستبوونی کەسایەتی و ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی لە خێزاندا بە بابەتێکی گرنگ دادەنرێت، ئەم پرۆسەیە والە تاک دەکات فێری ئەو ڕۆڵە ببێت کە پێویستە لەسەری بی گێڕێت، مەرجیش نییە ئەو ڕۆلانەی تاکەکان لەسەری ڕاهاتوون یاخود ناچارکراون ئەنجامی بدەن، بەخواستی خۆیان بێت (قادر، ٢٠٠٦: ٢٧ ).

### دووەم : ئاستەنگی کولتووری

کۆمەڵگای کوردی تا ڕادەیەک داخراوە، خاوەن داب و نەریتی کۆنە، شارە بچوکەکان هەموویان یەکتر دەناسن و دەرکەوتنی ئافرەتان تەنیا لەگەڵ خێزانەکانیاندا دەبێت، هەرچەندە لەم سالانەی دوایی تا رادەیەک ئافرەتان توانیویانە بەسەر هەندێ لەبەربەستەکانی داب و نەریت زاڵ بن، کولتوور یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ڕێگرە لەبەردەم ئافرەت، لەبەرئەوەی کولتووری ئێمە کولتوورێکە کە دەستهەلاتی پیاو زاڵە بەسەر ئافرەتدا، هەروەها ئێمەش لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە کۆمەڵگایەکی تا رادەیەک کراوە نییە (ئامیدیا، ٢٠٠٣: ٢٥٦). لە کۆمەڵگای کوردیدا دەسهەلاتی پیاو زۆر بە بەرز و پیرۆز سەیر دەکرێت، دواتر ئەم دەسەلاتە لەناو خێزاندا، ڕۆڵ و پلەی باوک دەگەینێتە ئاستێکی بالا و کاریگەر لەسەر بەرێوەبردنی خێزانەکەی، بەمەش بنەماکانی سیستەمی باوکایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا دەچەسپێنێت (عبدالله، ٢٠٠٤: ٨١).

بێگومان ئایین لە هەر کۆمەڵگایەک بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لە شێوەی بیرکردنەوە و بۆچونەکانی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دروست دەکات، کاریگەریش لەسەر ڕەفتار و ئەخلاقی تاکەکان و دیاریکردنی سنوری پەیوەندی نێوانیان، بەتایبەتیش پەیوەندی نێوان دوو ڕەگەز هەیە. بۆچوون و ڕای جیاواز دەربارەی تێڕوانینی ئایین بۆ ئافرەت هەیە، هەندێک پێیانوایە لە ئایینەکاندا ئافرەت تاوانبارکراوە بە دەرکردنی مرۆڤ لە بەهەشت، یان سەیر کردنی ئافرەت وەکو وروژێنەری سێکسی، ئەمانی بەهۆکارێک دادەنێن( قادر، ٢٠٠٦: ٢٩).

### سێیەم: ئاستەنگی ئابووری

لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیەکاندا، ئافرت بە سەرچاوەی هێزی کار دادەنرێت، بەهۆی ئەو ڕۆڵە سەرەکیەی لە بواری کشتوکاڵیدا دەیگێرێت. لە کۆمەڵگای کوردیشدا ڕۆڵی ئافرەتی لادێ نیشینی لەم بوارەدا بەرچاوە، نەوەک هەر لەم بوارەدا، بەڵکو لە هەموو ئەو کارانەی سەرچاوەی داهاتی ئابووری خێزان پێکدێنن بەژدار بووە. بەڵام ئافرەت خاوەنی داهاتی کار نەبووە، بەڵکو وەک هێزێکی کار بەشدار بووە، ئەمەش وایکردووە خاوەن ئابووری سەربەخۆ نەبێت و نەتوانێت لە رووی ئابوورییەوە گۆڕانکاری و سەربەخۆی لە کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی بە دەستبێنێت، ئەگەر چی ئافرەت لە ماڵەوە زۆرترین کار ئەنجام دەدات، بەڵام لەبەر ئەوەی کاری ماڵ کرێی نییە و لەبەرامبەریشدا پیاو کار بە کرێ لە دەرەوە ئەنجام دەدات. هەروەها نەبوونی دەرفەتی کار کردن لە دەرەوەی ماڵ بۆ ئافرەت، وای کردووە ببێتە هۆکارێکی یارمەتیدەر بۆ پاشکۆ بوونی (العودات، ١٩٩٦: ١٥٢ ).

## باسی پێنجەم: تێڕوانینی پیاو بۆ کارکردنی ئافرەت

### یەکەم: لایەنی کۆمەڵایەتی

خێزان بچوکترین و سەرەکیترین پێکهاتەیە لە بنیادی کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵێکی کارای هەیە لە گەشەکردن و بەردەوامی ئەو پێکهاتانە، خێزان لە کۆمەڵگای تویژینەوە لە سروشتی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەیدا بە پلەی یەکەم مل کەچی سیستەمی دەسەڵاتی باوکسالارییە. سیستەمی باوک سالاری (Patriarchal)، واتا پیاو لە خێزانی کوردیدا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر خێزانەکەیدا هەیە، هەر ئەویش هەڵگری ناوی خێزانەکەیەتی و هەموو کار و پیشەیەکی جیاواز دەکات لە پێناو دابینکردنی گوزەران بۆ ئەندامانی خێزانەکەی، هەرچی ژنییشە ڕۆڵێکی کەمتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆڵی پیاو، لەبەر ئەوەیە خێزانی کوردی بەوە جیا دەکرێتەوە کە دایک و باوک ئارەزوویەکی بەهێزیان هەیە لە زۆربوونی ژمارەی منداڵ و وەچەخستنەوە، بە تایبەتی منداڵی نێرینە، هەر ئەوەشە کوڕەکان لە هەمان کاتدا بە پشتیوانی ئابووری دادەنرێن و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی بەرز لە خێزاندا داگیر دەکەن(خصباك، ١٩٧٢: ٤٥٧). هەروەها هۆکاری جیاوازی تەمەن، مەبەست لە تەمەن لەم باسەدا لە زمانی کوردی دڵ پیسی پێدەگوترێت، واتا ژنێک تەمەنی لە مێردەکەی زۆر کەمتر بێت، لە لایەن هاوسەرەکەیەوە ڕێگای پێنادرێت کار بکات(لهستانی زاده، ١٣٨٠: ١١٣).

## دووەم: لایەنی کولتووری

بەپێی کولتوور کە کورد و نەتەوەکانی دەوروبەریشی بەپێی چوارچێوە ئایینیەکە لە خۆیدا گرێدراوە، تەماشی ژن بکەین، سەرەڕایی بەکەمتر تەماشاکردنی لەلایەن پیاوانەوە، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردیدا ژن جۆرێک لە ئازادییان هەبووە، کە لە ناو نەتەوەکانی دیکەدا کەمتر بووە، ڕۆژهەڵات ناس و کورد ناسەکان بەشێکی زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیە کۆکن. پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ "پیاو کەڵەبابە لەسەر ژنێ حسابە"واتا پیاو خاوەن بڕیاردەرە بەسەر ژنەوە. بەبێ جیاوازی، نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی عێراق، ژن بە لاواز و کەم ئارەزوو ناودەبەن. گوێڕایەل و دەستەمۆ بێت، پێوەرەکانی ئەم وەبەرهینانە بریتی بوونە لە بەشداری نەکردن لە دانیشتنەکانی پیاودا، لە ژوورەوە قەتیس کردنیان، لێ حەڕام کردنی دیوەخان لە ژنان، دیاری کردنی ئایندەو چارەنوسیان لەلایەن پیاوانەوە. ئەمەش وایکردووە کە زۆر دەگمەن مافی بەشداری تەنانەت لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆشیدا هەبێت (کەریم و ئەوانیتر، ٢٠٠٦: ٦٧-٦٨).

## سێیەم: لایەنی ئایینی

ئاساییە زۆرینەی بەها کولتووریەکان لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتبێت، ئایینەکانیش ئەگەر لە سەرەتادا بۆ خستنەوەی دادوەری هاتبنە مەیدانەوە، ئەوا لە دووایدا کەم تا زۆر لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر و لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکیتر ئاستەنگی بەردەم پێشکەوتنی ژنان بوون، پێشەوایانی ئایینی لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەک ئایینیان بەکارهێناوە کە دەقاودەق کردوویانە هەوێنی دروستکردنی پیاوسالاری و ڕەهاکردنی دەسەڵاتی پیاو و دانانی تەگەرەی نامەوزوعی و نالۆژیکی لەبەردەم بەڕێوەچوونی ژیانی ژندا، بۆ نموونە لەسەردەمی ئایینی یەهودیدا حالی ژن زۆر خراپبوو بەو پێیەی لەگەڵ لە دایکبوونی کوڕدا، کوڕ دەبووە ئەندامێک لە خێڵەکەی باوکی (بەپێی سیستەمی باوکسالاری) و ئەمە خەڵکی سەردەمانی کۆن گەڕانەوەبوو بۆ پەیڕەو کردنی ئایینی جوڵەکە. هەرلێرەدا ڕۆلی ژن دەسڕدرایەوە و نەدەما و بەم پێیە ژن و کچ دەکرانە پاشکۆی پیاوان (مەجید، ٢٠٠٧: ٢٧).

**چوارەم: لایەنی ئابووری**

فاکتەری ئابووری ڕۆڵی بینیوە لە سەرۆکایەتیی باوکسالاریدا، واتا باوک بە تەنیا دەسەڵاتی بە سەر ئەندامانی خێزانەکەیدا هەیە ئەو شێوازەی سەرۆکایەتییەش دەگەڕێتەوە بۆ باری ئابووری، لەبەر ئەوەی ئابووریی کۆمەڵگای کوردی کشتوکاڵی شوانکارییە، لەم کردارە ئابووریانەشدا پیاو ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت(خصباك، ١٩٧٢: ٤٥٣). لە توێژینەوەیەکی ساڵی ١٩٥٢ لەلایەن (بیدجۆن) لەسەر (٢٨٠٠) ئافرەت ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە: ڕێژەی ٧٥٪ یان بۆ یارمەتیدانی ئابووری خێزان کاردەکەن کە لایەنی ماددی هۆکاری سەرەکیە بۆ کار کردنی ئافرەتان(عوض، ١٩٨٨: ٢٢٦). هەروەها بە گشتی لە جیهاندا بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ئابووری (گۆران لە هێزی کارو پەیدابوونی پیشەسازی و تەکنەلۆجیا) ئافرەت توانی لەگەڵ پیاودا بێتە مەیدانی کارەوە، ئەمەش وای کرد گۆڕانکاری لە ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لە بواری کارکردن لە خێزان و کۆمەڵگا رووبدات(العودات، ١٩٩٦: ١٥٢). هەڵوێستی جیاواز هەیە لێرەدا کە ئەو پیاوانەی داهاتی باشیان هەیە پێیان خۆشە هاوسەرەکانیان لە ماڵەوەبن، بە پێچەوانەوەش ئەو پیاوانەی داهاتیان کەمترە حەزدەکەن هاوسەرەکانیان وەک یارمەتیدان بۆ بژێوی ژیان هاوکاریان بکەن لە دەرەوەی ماڵ کاربکەن(لهستانی زاده،١٣٨٠: ١١٣).

# بەشی چوارەم

1. میتۆدی توێژینەوە
2. کۆمەڵگای توێژینەوە
3. نموونەی توێژینەوە
4. بوارەکانی توێژینەوە
5. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری
6. ئامرازە ئاماریە بەکارهاتووەکان

# بەشی چوارەم

## چوارچێوەی میتۆد و ڕێکارە مەیدانیەکان

هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بەچەند میتۆد و ڕێکار هەیە، کە یارمەتی توێژەر دەدەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە بە شێوەیەکی زانستیانە. ئەوەی لەم بەشەدا گرنگە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە ئەوەیە توێژەر پابەند بێت بەم میتۆد و ڕێکارانە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە، لەبەر ئەمە توێژەر پشتی بەستووە بە بەکارهێنانی میتۆد و ڕێکاری تایبەت بەم توێژینەوەیە هەروەک چۆن لە توێژینەوە زانستیەکانی تر پشتی پێ دەبەسترێت..

## یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

میتۆدی زانستی یەکێکە لەو ڕێگەو شێوازە زانستیانەی کە توێژەر پشتی پێدەبەستێت بۆ ڕێکخستنی بیرۆبۆچونەکانی لە بارەی بابەتی توێژینەوەکەی، دواتر گەیشتن بە ئەنجام و راستییەکی گونجاو لە بارەی دیاردەکە یاخود بابەتی توێژینەوە.(علیان و غنیم، ٢٠٠٤: ٣٣). هەروەها میتۆد بریتییە لەو ئامراز و ڕێو شوێنانەی کە توێژەر بە مەبەستی بەزانستیکردنی توێژینەوەکەی لە هەر کۆمەڵگایەک دەگرێتە بەر، تیایدا پێکهاتەکانی دیکەی توێژینەوەی لەسەر بنیات دەنێت، لەم ڕێگەیەشەوە، توێژەر دەتوانێت لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی توێژەر بەکاریبهێنێت وەکو (پرسیارنامە، تێبینی و چاوپێکەوتن)، تاوەکو لەم ڕێگایانەوە ئاستو گەشەی بابەتی توێژینەوەکەی لەسەر بنیات بنێت و دەرئەنجامێکی زانستی بداتە دەست. میتۆد بریتییە لەو ڕێگایەی کە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ توێژینەوە لە گرفتی بابەتی توێژینەوەکە (Brayman, 2016: 629).

هەروەها لەلایەکی تریشەوە توێژینەوەی وەسفی وەسفکردنی تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانی دیاردەیەکە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم مەبەستەش زانیاری پێویست لەبارەیەوە کۆدەکرێتەوە پاشان لە پێناو گەیشتن بە زانینی هۆکارەکانی ڕودانی دیاردەکە زانیاریەکان ڕێک دەخرێن و شیکاریان بۆ دەکرێت ( سعوص و الخظیری ، ١٩٩٢ ).

سروشتی توێژینەوەش ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو میتۆدانەی پێویستە بەکاربێن، لەبەر ئەوە بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ئەم توێژینەوەیە (تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت) ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی چەندایەتیە میتۆدی وەسفی شیکاریە لە ڕێگەی رووپێوە کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی راپرسی هەڵساوە بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە بابەتی توێژینەوە. پەنا بردنە بەر بەکاهێنانی جۆری وەسفی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم جۆرە لە بەر بڵاوترین جۆرەکانی توێژینەوەیە کە بەکاردەهێندرێت بە ئامانجی دیاریکردنی دۆخی هەنوکەیی دیاردەیەکێ دیاریکراو.

## دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوە ئەو کۆمەڵگایە یە کە دەکەوێتە ناو سنووری توێژینەوە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە هەر توێژینەوەیەک و چۆنیەتی و جۆری توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوە دیاریدەکەن، کە سەرجەمی گشتی توخمەکانە، توێژەر هەوڵدەدات گشتاندنی ئەنجامەکانی توێژینەوەی بەسەردا بدات، ئەمەش بەوە دەکرێت کە توێژەر هەڵسێ بە دەستنیشانکردنی کۆمەڵێک لە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ توێژینەوە، کە ئەم کۆمەڵگا بە باشترین شێوە نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بکات، تا توێژەر بتوانێت ئەو ئەنجامانەی دەستی دەکەوێت گشتاندنیان بۆ بکات بەسەر کۆمەڵگای توێژینەوە.(عوده و ملکاوی، ١٩٩٢: ١٦٠).

(تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت)، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر بۆیە کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە گەرەکی فەرمانبەران ، بەختیاری لە شاری هەولێر کە توێژەر نموونەی لێوەرگرتوون.

## سێیەم: نموونەی توێژینەوە

نموونەی توێژینەوە بەشێکە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، نوێنەرایەتی ئەو کۆمەڵگایە دەکات و هەموو ئەو سیفەتانەی تێدایە کە لە کۆمەڵگا سەرەکیەکەدا بوونی هەیە، توێژەر بە چەند ڕێگایەکی جۆراوجۆر وەریان دەگرێت و پێویستە لە هەمان کاتدا ئەم نموونەیە نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە بکات.(السماك واخرون، ١٩٨٦: ٤١)

لەم توێژینەوەیەدا تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بە شێوەی هەرەمەکی چینایەتی گونجاو هەڵبژێردراوە (Proportaional stratified random sample)، ئەم نموونەیە بەکاردێت کاتێک کۆمەڵگای توێژینەوە هاوسەنگ نەبێت لە ڕووی تەمەن و پیشە...هتد، یاخود لەچەند چینێکی جیاواز پێک هاتبێت، هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی خۆی بێت و ئەوانی تر جیابکاتەوە، نموونەی هەرەمەکی چینایەتی لە نموونەکانی تر جیا دەکرێتەوە بەوەی کە وردترە، چونکە هەڵدەستێت بە نوێنەرایەتیکردنی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە، دەتوانرێ بەکار بهێنرێت بۆ بەراوردکاری نێوان کۆمەڵگا یاخود چینە جۆراو جۆرەکان. (الزبیاری،٢٠١١: ٢١ ).

قەبارەی نموونە یەکێک لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانیە، بۆیێ بەردەوام کێشەیێکە ڕووبەرووی توێژەر دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر توێژەر هەڵسێ بە وەرگرتنی قەبارەیەک کە نوێنەرایەتی خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوە بکات، هەرچەندە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە گەورەتر بێت زیاتر نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات، بەڵام وەرگرتنی ژمارەیێکی زۆر لە قەبارەی توێژینەوە کارێکی ئاسان نیە بۆ توێژەر لە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوی. وەرگیراون.(دویدری، ٢٠٠٨: ٣٠٨). بۆیێ لێرەدا پێویستە لەسەر توێژەر ژمارەیێک وەربگرێت، کە لەگەڵ لایەنی ئاماری و لۆژیکیەوە بگونجێت، لەم توێژینەوەیەدا (٣٥) تاک تەنیا لە پیاوی خێزاندار کە (١٥) لە گەرەکی بەختیاری و (٢٠) لە گەرەکی فەرمانبەران بە نموونە وەرگیراون.

**چوارەم بوارە کانی توێژینەوە:**

1. بواری جوگرافی توێژینەوەکە: بریتیە لە شاری هەولێر کە پیاوی خێزاندارن لە گەرەکی فەرمانبەران و بەختیاری نمونەی توێژینەوەیان لێوەرگیراوە

2. بواری مرۆیی توێژینەوەکە: ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەڵگای توێژینەوەدان کە پیاوی خێزاندارن تەمەنیان لە ٢٠ تا ٣٤ساڵیە.

٣. بواری کاتی توێژینەوەکە:بریتیە لەو ماوەی کە لایەنی تیۆری و مەیدانی توێژینەوەی تێدا ئەنجام دراوە، هەر لە بەدەست هێنانی سەرچاوە و گەران بۆ تەواو کردنی لایەنی تیۆری و دابەشکردنی فۆرمی راپرسی و گەرانەوەی فۆرمەکان و بەتاڵکردنەوەو شیکردنەوەی فۆرمەکان و شیکردنەوەی زانیاریەکان ئەمەش لە بەرواری (٢٠٢٢/١٠/٤) دەستی پێکردووە تاوەکو بەرواری (٢٠٢٣/٤/٣)خایاندووە.

**پێنجەم ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری زۆر و جۆراورجۆرن، لەسەر توێژەر پێویستە ئامرازی گونجاو بەکاربهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بە توێژینەوەکەی بە جۆرێک گونجاو بێت لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکە و سرۆشت و جۆری نموونەی توێژینەوەکە، خەسڵەتەکانی کۆمەڵگاکەی هاوکات توانای ماددی و مرۆییەکانیش جگە لە بەکارهێنانی سەرچاوە زانستیەکان ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکان دیاری دەکات. (حسن، ٢٠٢٢:٨٢). لەم توێژینەوەیەدا فورمی ڕاپرسی بەکارهاتووە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لە نموونەی توێژینەوە. فۆرمی راپرسی ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی پەیوەست بە بابەتی توێژینەوە لە ڕێگەی فۆرمێکەوە لەلایەن کەسێکەوە پڕ دەکرێتەوە لە کاتی پرکردنەوەی ئەو فۆرمەدا ئەو کەسە خۆی بیرو باوەرەکانی دەسەپێنێت بەسەر توێژەردا چونکە بە پێی تێگەیشنی خۆی لە پرسیارەکان و رادەی خوێندەواری و حەز و ئارەزوەکەی پر دەکاتەوە.

**شەشەم: ئامرازە ئامارییە بەکار هاتووەکان**

لەبەر ئەوەی ئامار لەو ئامرازە سەرەکیانەیە کە توێژەر ناتوانێت دەستبەرداری بێت لە توێژینەوە کۆمەلایەتیەکان بەوەی کە بایەخێکی زۆری هەیە کە بتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیاریە مەیدانیەکان (رشوان، ١٩٨٧:٢٠٤ ).

ڕێژەی سەدی: بۆ وەسف کردنی کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە فۆرمی راپرسی.

# بەشی پێنجەم

١. خستنە رووی شیکردنەوەی زانیاریە گشتیەکان

٢. خستنە رووی شیکردنەوەی زانیاریە تایبەتەکان

# بەشی پێنجەم

# خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییە گشتیەکان

**تەمەن:**

وەرگرتنی تەمەنی جیاواز بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگی خۆی هەیە و توێژینەوەکە دەوڵەمەندتردەکات و زانیارییەکان بەپێی قۆناغی ئەزموونی ژیانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە رەنگدەداتەوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەزموونی ژیان لە لایەن نموونەی تاکەکانی توێژینەوە، تەمەن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە بە زانیاری مرۆڤ، لەم توێژینەوەیەدا لە تەمەنی (٢٠) ساڵی بەسەرەوە وەرگیراون، لەبەر ئەوەی لەم تەمەنە مرۆڤ بە تەواوی لە ڕووی عەقلی و جەستەییەوە پێ دەگات و توانای هەڵسەنگاندن و بڕیاردانی هەیە.

**خشتەی (1) تەمەنی ئەندامانی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 24-20 | 15 | 42,8 |
| 29 - 25 | 14 | 40 |
| 34 - 30 | 16 | 17,1 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (1) ئەوەمان نیشان دەدات کە ڕێژەی ئەو کەسانە لە (24-20) ساڵیدان ڕێژەی (42,8%) نموونە پێکدەهێنن، ئەوانەی لە (29-25) ساڵیدان ڕێژەی (40%) پێکدەهێنن، هەروەها ئەوانەی لە تەمەنی (34-30) ساڵیدان ڕێژەی (17,1%)پێکدەهێنن.

**خشتەی ( 2)**

**گەڕەکی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| % | ژمارە | گەڕەکی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| 42,8 | 15 | بەختیاری |
| 57,1 | 20 | فەرمانبەران |
| 100% | 35 | کۆی گشتی |

لە خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت ئەو شوێنەی کە نموونەی لێوەردەگرین بەرێژەی (57,1%) لە گەڕەکی فەرمانبەرانن، بەرێژەی (42,8%) لە گەڕەکی بەختیاری بوون.

**خشتەی (3)**

**جۆری نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| % | ژمارە | جۆری نیشتەجێبوونی |
|---|---|---|
| 60 | 21 | کرێ |
| 40 | 14 | موڵک |
| 100% | 35 | کۆی گشتی |

لە خشتەی (3) ئەوەمان نیشاندەدات کە جۆری نیشتەجێبوون بەرێژەی(60%) لە خانووی کرێ بوون ، بەرێژەی (40%) لە خانووی موڵکن.

### باری ئابووری:

باری ئابووری یەکێک لە زانیارییە گشتیەکانە کە یارمەتی دەستکەوتنی زنیاری دەدات، چونکە باری ئابووری لێتوێژراو (تاکەکانی نموونە)ی توێژینەوەکە، یارمەتی توێژەر دەدات بە هەبوونی زانیاری لەسەر چونیەتی زانینی شێوازی ژیان و گوزەران و بیرکردنەوەو و هەڵسوکەوتیان.

**خشتەی ( 4)**

**ئاستی بژێویی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە**

| ئاستی بژێوی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| زۆرباش | 6 | 17,1 |
| ناوەند | 11 | 31,4 |
| باش | 18 | 51,4 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

باری ئابوری لە خشتەی (4) دەردەکەوێت کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بە ڕێژەی (17,1%) باری ئابووریان زۆرباشە، و بە ریژەی (31,4%) باری ئابووریان مامناوەندە و بەرێژەی (51,4%) باری ئابووریان باشە.

واتە بەپێی ئەو ئامارەی دەستمان کەوتووە و ئەو کەسانەی کە بە نموونە وەرگرتوون باری ئابووریان باشە.

## پیشە

پیشە وەک یەکێک لە پرسیارە گشتییەکان یارمەتی توێژەر دەدات بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان، چونکە جۆری پیشە ئاستی گوزەران، پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تاکەکان دیاریدەکات، لەگەڵ ئەوەش پیشە کاردەکاتە سەر ئاستی تێگەیشتن و ڕادەی هەستکردنیان بە بابەتی توێژینەوەکە وڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر ژیانی تاکەکانەوە دەبێت و کاریگەری لەسەر هەڵسەنگاندن و ڕەفتار نواندنی یەکەکان بەرامبەر ڕووداو و پرسە هەنووکەییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان دروست دەکات، هەروەها پیشەی جۆراوجۆریش ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی ناو شار.

### خشتەی (5)

### جۆری پیشەی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە

| جۆری پیشە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| کاسپ | 20 | 57,1 |
| فەرمانبەر | 10 | 28,5 |
| ماموستا | 5 | 14,3 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (5) ئەوەمان نیشان دەدات کە جۆری پیشە بە رێژەی (57,1%)کاسبکارن، بەرێژەی ( 28,5%) فەرمانبەرن، بە رێژەی ( 14,3%) مامۆستان.

# خستنه روو و شیکردنه‌وه‌ی زانیارییه تایبه‌ته‌کان

**1- ئایا له خێزانی ئێوه‌دا ده‌بێت ئافره‌ت ئیشوکاری ناو مال ده‌کات و پیاویش بژێوی خێزان دابین بکات؟**

**(خشته‌ی 6) ده‌بێت ئافره‌ت له ماڵ کاربکات و پیاویش بژێوی دابین بکات رووونده‌کاته‌وه.**

| وه‌لامی پرسیار | ژماره | % |
|---|---|---|
| به‌ڵێ | 13 | 37,1 |
| تاراده‌یه‌ك | 17 | 48,5 |
| نه‌خێر | 5 | 14,2 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

له خشته‌ی (6) بۆمان ده‌رده‌که‌وێت که رێژه‌ی (37,1%) به‌ڵێ یه، رێژه‌ی (48,5%) تاراده‌یه‌که، رێژه‌ی ( 14,2%) نه‌خێره، ئه‌م ئه‌نجامه ئه‌وه‌مان بۆ روون ده‌کاته‌وه که رێژه‌ی زۆرینه تاراده‌یه‌که، واتا پێیان وایه که‌وا باشتره ئافره‌ت له‌ماڵ کاربکات و پیاویش له ده‌ره‌وه بژێوی خێزان دابین بکات، بۆیه ده‌کرێت بڵێین هێزێکی کۆمه‌لایه‌تی بوونی هه‌یه که دژی به‌رجه‌سته‌بونی یه‌کسانی ئافره‌ته له‌گه‌ڵ پیاو.

**2- ئایا لە خێزانی ئێوەدا پیاو لە ئیشی مال هاوکاری خێزانی دەکات؟**

**خشتەی (7) هاوکاری پیاو لە ئیشی ماڵ ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 11 | 31,4 |
| تارادەیەك | 22 | 62,8 |
| نەخێر | 2 | 5,7 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (7) ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە بەرێژەی(31,4%) بەلێ یە، بەرێژەی (62,8%) تارادەیەکە، و بەرێژەی (5,7%) نەخێرە، واتە ئەو ئەنجامە ئەوەمان نیشان دەدات کە زۆرینەیان هاوکاری خێزانەکەیان دەکەن لە ئیشوکاری ماڵ یارمەتیدەرن بۆ خێزانەکانیان.

**3- ئایا لە خێزانی ئێوەدا ژن رای هەیە لە بریاردان؟**

**خشتەی (8) ئافرەت رای هەیە لە بریاردان روون دەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 18 | 51,4 |
| تارادەیەك | 15 | 42,8 |
| نەخێر | 2 | 5,7 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (8) ئەوەمان بۆ رووندەبێتەوە کە بە رێژەی ( 51,4%) بەلێ یە، (42,8%) تارادەیەکە و بە رێژەی ( 5,7%) نەخێرە. واتە بەپێی ئەو ئەنجامەی کە بەدەستمان گەیشتووە بە رێژەی (51,4%) ئافرەتان لە خێزانەی خۆیاندا رای بریاردانیان هەیە.

**4- ئایا ڕێگە دەدەی خێزانت ئیشوکاری دەرەوەی ماڵ بکات؟**

**خشتەی (9) پیاو ریگە دەدات خێزانی لە دەرەوە کاربکات روون دەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 15 | 42,8 |
| تارادەیەك | 18 | 51,4 |
| نەخێر | 2 | 5,7 |
| کۆی گشتی | 35 | % 100 |

خشتەی (9) بۆمان روون دەبێتەوە کە بەرێژەی (42,8%) بەڵێ یە، بەرێژەی (51,4%) تارادەیەک، بەرێژەی (5,7%) نەخێرە.

واتە بەپێی ئەو ئەنجامە وەڵامی زۆرینە بەلێ یە، پیاوان رێگە دەدەن کە هاوسەرەکانیان لە دەرەوەی ماڵ کاربکەن ئەمەش یەکێک لە گرنگترین هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگایە.

**5- لە خێزانی ئێوەدا ئاساییە ئافرت بەشداری لە رێکخراوی پیشەی یان سیاسی بکات؟**

**خشتەی (10) بەشداری ئافرەت لە رێکخراوی پیشەی روون دەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 10 | 28,5 |
| تارادەیەك | 13 | 37,1 |
| نەخێر | 12 | 34,2 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

له خشتەی (10) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بەرێژەی (28,5%) بەلێ یە، بەرێژەی (37,1%) تارادەیەکە و بەرێژەی (34,2%) نەخێرە، واتا بەپێی ئەو ئەنجامە، رێژەی زۆرینەی پیاوان رێگە نادەن خێزانەکانیان لە رێکخراوی پیشەییدا بەژداری بکات.

**6- ئایا ئاساییە لە خێزانی ئێوەدا ئافرەت فەرمانبەری حکومی بێت؟**

**خشتەی (11) ئاساییە ئافرەت فەرمانبەری حکومی بێت رووندەکاتەوە.**

| وەلامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 11 | 31,4 |
| تارادەیەك | 18 | 51,4 |
| نەخێر | 16 | 17,1 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

له خشتەی (11) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەرێژەی (31,4%) بەلێ یە، بەرێژەی (51,4%) تارادەیەکە و بەرێژەی (17,1%) نەخێرە.

واتا بەپێی ئەو رێژەیەی کە دەستمان کەوتووە ئاساییە کە ئافرەت فەرمانبەری حکومی بێت و کاربکات.

**7- ئایا لە خێزانی ئێوەدا بەشداری لە حیزبی سیاسی ئاساییە؟**

**خشتەی (12) ئاستی ئاساییبوونی بەشداری ئافرەت لە حیزبی سیاسی روووندەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 13 | 37,1 |
| تارادەیەك | 8 | 22,8 |
| نەخێر | 14 | 40 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (12) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بەرێژەی (37,1%) بەلێ یە، رێژەی (22,8%) تارادەیەکە و رێژەی (40%) نەخێرە. بەپێی ئەم ئەنجامە واتە بەرێژەیەکی زۆر لە پیاوان پێیان ئاسایی نییە کە ئافرەت بەشداری لە حزبی سیاسیدا بکات.

**8- ئایا کچەکانتان دەرونە قوتابخانە؟**

**خشتەی (13) ڕێژەی رۆیشتنی کچان بۆ قوتابخانە روووندەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 32 | 91,4 |
| تارادەیەك | 1 | 2,8 |
| نەخێر | 2 | 5,7 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (13) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بەرێژەی (91,4%) بەلێ یە، بەرێژەی (2,8%) تارادەیەک، بە رێژەی (5,7%) نەخێرە. واتا زۆرینەی نموونەی توێژینەوە ڕێگە دەدات کچەکانیان بچنە قوتابخانە.

**9- پێت باشه ئافرەت ئیشی ئازاد بکات؟**

**خشتەی (14) تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 12 | 34,2 |
| تارادەیەك | 20 | 57,1 |
| نەخێر | 3 | 8,5 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (14) دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەرێژەی (34,2%) بەلێ یە، رێژەی (57,1%) تارادەیەکە، رێژەی ( 8,5 %) نەخێرە.

**10- ئایا گۆڕانی شێوازی ژیان ڕۆڵی هەبووە لە کەم کردنەوەی ئاستەنگی بەردەم کارکردنی ئافرەت؟**

**خشتەی (15) گۆڕانی شێوازی ژیان و ئاستەنگیی بەردەم کارکردنی ئافرەت ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 10 | 28,5 |
| تارادەیەك | 23 | 65,7 |
| نەخێر | 2 | 5,7 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (15) ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە بەرێژەی (28,5%) بەلێ یە، رێژەی (65,7%) تارادەیەکە، رێژەی ( 5,7%) نەخێرە.

واتا بەپێی ئەو ئەنجامە، رێژەی 65,7% لەگەڵ ئەوەدان کە شێواز و گۆرانی ژیان وادەکات ئاستەنگی لە بەردەم کارکردنی ئافرەت کەم بێتەوە.

**11- ئایا کارکردنی ئافرەت هۆکاری لاوازبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە؟**

**خشتەی (16) کارکردنی ئافرەت و لاوازبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی روونەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 5 | 14,2 |
| تارادەیەك | 13 | 37,2 |
| نەخێر | 17 | 48,5 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (16) ئەوەمان بۆ روونەدکاتەوە کە رێژەی (14,2%) بەلێ یە، رێژەی (37,2%) تارادەتەک، رێژەی (48,5%) نەخێرە. ئەو ئەنجامە ئەوەمان نیشان دەدات کە رێژەی (48,5%) لەگەڵ ئەوەدانین کە کارکردنی ئافرەت هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی پەیوەندیی کۆمەلایەتی لەنێو خێزاندا.

**12- ئایا ئافرەت وەک پیاو دەتوانێت خەرجی بۆ ماڵ دابین بکات؟**

**خشتەی (17) ئافرەتیش وەک پیاو دەتوانێت خەرجی ماڵ دابین بکات.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 9 | 25,7 |
| تارادەیەك | 21 | 60 |
| نەخێر | 5 | 14,2 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

خشتەی (17) ئەوەمان نیشان دەدات کە رێژەی (25,7%) بەلێی یە، رێژەی (60%) تارادەیەکە، رێژەی (14,2%) نەخێرە. واتە زۆرینەی ئەوانەی کە نموونەیان لێ وەرگراون، تارادەیەک لەگەڵ ئەوەدان ئافرەت دەتوانێت وەک پیاو خەرجی بۆ ماڵ دابین بکات.

**13- پێتباشە ئافرەت بەهۆی کارکردنەوە یارمەتیی ئابووریی خێزانەکەی بدات؟**

**خشتەی (18) ئافرەت لەڕێگەی کارکردنەوە یارمەتی ئابووری خێزان دەدات.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 8 | 22,8 |
| تارادەیەك | 22 | 62,8 |
| نەخێر | 5 | 14,2 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (18) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بڕێژەی (22,8%) بەلێ یە، ڕێژەی (62,8%) تارادەیەکە، ڕێژەی (14,2%) نەخێرە. بەپێی ئەنجامەکان زۆرینەی پیاوانە لەگەڵ ئەوەدان تارادەیەک خێزانەکانیان لە ڕێگای کارکردنەوە یارمەتی ئابووریی خێزان دەدات.

**14- ئایا کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە لادانە لە کولتوور و دابونەریت؟**

**خشتەی (19) کارکردنی ئافرەت و لادان لە دابونەریتی کولتووری ڕووندەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 2 | 5,7 |
| تارادەیەك | 4 | 11,4 |
| نەخێر | 29 | 82,8 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (19) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی (5,7%) بەلێ یە، ڕێژەی (11,4%) تارادەیەک و ڕێژەی (82,8%) نەخێرە. بەپێی ئەو ئەنجامە، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدانین کە کارکردنی ئافرەت لادانە لە دابونەریتی کۆمەڵگا.

**15- ئاستی رۆشنبیریی خێزان کاریگەری لەسەر کارکردنی ئافرەت هەیە؟**

**خشتەی (20) پەیوەندیی ئاستی رۆشنبیری و کارکردنی ئافرەت روونده‌کاتەوە.**

| % | ژمارە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| 25,7 | 9 | بەلێ |
| 65,7 | 23 | تارادەیەك |
| 8,5 | 3 | نەخێر |
| 100% | 35 | کۆی گشتی |

لە خشتەی (20) ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە کە رێژەی (25,7%) بەلێ یە، رێژەی (65,7%) تارادەیەکە و رێژەی (8,5%) نەخێرە. بەپێی ئەو ئامارەی بەدەستمان گەیشتووە زۆرینەی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان کە ئاستی رۆشنبیری خێزان کاریگەری هەیە بۆ کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە.

**16- پێتوایە ئەرکی ئافرەت ئیشوکاری ناو ماڵەوەیە؟**

**خشتەی (21) ئەرکی ئافرەت و ئیشوکاری ماڵەوە روونده‌کاتەوە.**

| % | ژمارە | وەڵامی پرسیار |
|---|---|---|
| 5,7 | 2 | بەلێ |
| 42,8 | 15 | تارادەیەك |
| 51,4 | 18 | نەخێر |
| 100% | 35 | کۆی گشتی |

لە خشتەی (21) ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە کە رێژەی (5,7%) بەلێ یە، رێژەی (42,8%) تارادەیەکە و رێژەی (51,4%) نەخێرە. واتا زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدان کە ئەرکی ئافرەت تەنیا ئیشو اری ماڵەوە نییە.

**17- ئایا کارکردن هۆکاری بەهێز بوونی کەسایەتیی ئافرەتە؟**

**خشتەی (22) پەیوەندیی کارکردن بە بەهێزبوونی کەسایەتیی ئافرەت روونەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 29 | 82,8 |
| تارادەیەك | 2 | 5,7 |
| نەخێر | 4 | 11,4 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (22) ئەوەمان بۆ شی دەبێتەوە کە رێژەی (82,8%) بەلێ یە، رێژەی (5و7%) تارادەیەکە و رێژەی (11,4%) نەخێرە. واتا بەپێی ئەنجامەکان زۆرینەی نموونەی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان کە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە وادەکات ئافرەت هەست بە بەهێزبوونی کەسایەتی خۆی بکات.

**18- کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان؟**

**خشتەی (23) کارکردنی ئافرەت و کەمتەرخەمی لە پەروەردەکردنی منداڵ ڕووندەکاتەوە**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 5 | 14,2 |
| تارادەیەك | 9 | 25,7 |
| نەخێر | 21 | 60 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (23) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی (14,2%) بەلێ یە، ڕێژەی (25,7%) تارادەیەکە، ڕێژەی (60%) نەخێرە. زۆرینەی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە هۆکاریی کەمتەرخەمی لە پەروەردەی منداڵ نییە.

**19- ئایا کارکردن هۆکاری بەرزبوونی ئاستی هۆشیاریی ئافرەتە؟**

**خشتەی (24) پەیوەندیی کارکردنی ئافرەت بە ئاستی هۆشیاری ئافرەت ڕووندەکاتەوە.**

| **وەڵامی** | **ژمارە** | **%** |
|---|---|---|
| **بەلێ** | 5 | 14,2 |
| **تارادەیەك** | 24 | 40 |
| **نەخێر** | 6 | 17,1 |
| **کۆی گشتی** | 35 | 100% |

لە خشتەی (24) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی (14,2%) بەلێ یە، ڕێژەی (40%) تارادەیەکە و ڕێژەی (17,1%) نەخێرە. واتا بەرێژەی (40%) تارادەیەک پێیان وایە کە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی ئافرەت.

**20- کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە، ئاستەنگی بۆ ئەرکی خێزانی دروستدەکات؟**

**خشتەی (25) پەیوەندیی کارکردنی ئافرەت و ئاستەنگی بۆ ئەرکی خێزان روونەدەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 5 | 14,2 |
| تارادەیەك | 13 | 37,1 |
| نەخێر | 14 | 40 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (25) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە رێژەی (14,2%) بەڵێ یە، رێژەی (37,1%) تارادەیەکە و رێژەی (40%)نەخێرە. زۆرینەی نموونەی توێژینەوە کارکردنی ئافرەت بە ئاستەنگی بۆ ئەرکی خێزان نابێنن.

**21- پێتوایە یەکێک لە بەربەستەکانی کارکردنی ئافرەت، جیاوازیی ڕەگەزییە لە کۆمەڵگای کوردیدا؟**

**خشتەی (26) جیاوازی ڕەگەزی و بەربەستبوون لەبەردەم کارکردنی ئافرەت روونەدەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 21 | 60 |
| تارادەیەك | 11 | 31,4 |
| نەخێر | 3 | 9,5 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (26) ئەوەمان بۆ روونەبێتەوە کە رێژەی (60%) بەڵێ یە، رێژەی (31,4%) تارادەیەک و رێژەی(9,5%) نەخێرە. کەواتە زۆرینەیی پیاوان لەو باوەرەدان کە جیاوازی ڕەگەزی هۆکارە لەبەردەم کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە.

**22- ئایا ئافرەتی کارکردوو پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتی بێکار؟**

**خشتەی (27) پێگەی ئافرەتی کار کردوو و ئافرەتی بێکار ڕووندەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 4 | 11,4 |
| تارادەیەك | 19 | 54,2 |
| نەخێر | 12 | 34,2 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (27) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی ( 11,4%) بەڵێ یە، ڕێژەی (54,2%) تارادەیەک و ڕێژەی(34,2%) نەخێرە. واتا ڕێژەی (34,2%) پیاوان لەو باوەڕەدان کە ئافرەتی کارکردوو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیەبە بەراورد لە ئافرەتی بێکار.

**23- ئایا هۆکاری کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ چاولێکەرییە؟**

**خشتەی (28) پەیوەندیی کارکردنی ئافرەت و چاولێکەری ڕووندەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 4 | 11,4 |
| تارادەیەك | 7 | 20 |
| نەخێر | 24 | 40 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (28) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی (11,4%) بەڵێ یە، ڕێژەی (20%) تارادەیەک و ڕێژەی (40%) نەخێرە. واتا بەپێی ئەم ئەنجامە کارکردنی ئافرەت چاولێکەری نییە.

**24- پێتوایە بوونی کێچەڵی سێکسی ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت دەکات؟**

**خشتەی (29) پەیوەندیی گێچەلی سێکسی و کارکردنی ئافرەت ڕووندەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 29 | 82,8 |
| تارادەیەك | 5 | 14,2 |
| نەخێر | 1 | 2,8 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (29) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی (82,8%) بەلێ یە، ڕێژەی (14,2%) تارادەیەک و ڕێژەی (2,8%) نەخێرە. واتا بوونی گێچەڵی سێکسی هۆکار و بەربەستە بۆ کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە.

25- **ئایا بیروباوەری ئایینی ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت دەکات؟**

**خشتەی (30) پەیوەندیی بیروباوەری ئایینی و کارکردنی ئافرەت ڕووندەکاتەوە.**

| وەڵامی پرسیار | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەلێ | 7 | 20 |
| تارادەیەك | 20 | 57,1 |
| نەخێر | 8 | 22,8 |
| کۆی گشتی | 35 | 100% |

لە خشتەی (30) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ڕێژەی (20%) بەلێ یە، ڕێژەی (57,1%) تارادەیەک و ڕێژەی (22,8%) نەخێرە. واتا تارادەیەک بیروباوەری ئایین ڕێگرە لە کارکردنی ئافرەت.

# بەشی شەشەم: ئەنجام، پێشنیار و راسپاردەکانی توێژینەوە

# لیستی سەرچاوە

## پاشکۆ

## ئەنجامەکانی توێژینەوە:

١. بە ڕێژەی (٤٢٪)ی پیاوان پێیان وایە ئافرەتیش دەتوانێ وەک پیاو لە دەرەوە کاربکات.

٢. بەرێژەی (٤٠٪)ی پیاوان وا بیر دەکەنەوە کە ئافرەت نابێت بەژداری لە حزبی سیاسی بکات.

٣. ئاساییە ئافرەت لە کەرتی حکومی کاربکات.

٤. بە رێژەی (٦٥٪)ی پیاوان لەگەڵ ئەوەدان کە گۆڕان و شێوازی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگا وادەکات بەربەست لەبەردەم کارکردنی ئافرەت کەم بکاتەوە.

٥. بەرێژەی (٤٨٪)ی پیاوان پێیان وایە کارکردنی ئافرەت نابێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی.

٦. (٦٠٪)ی پیاوان پێیان وایە ئافرەت دەتوانێت وەک پیاو خەرجی بۆ ماڵ دابین بکات لە رێگەی کارکردنەوە.

٧. بە رێژەی(٨٢٪)ی پیاوان لەگەڵ ئەوەدا نین کە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە ببێتە هۆی لادان لە دابونەریت.

٨. کارکردنی ئافرەت لەدەرەوە وادەکات کە ئافرەت هەست بە هیوابوونی کەسایەتی خۆی بکات، هەست بە بوونی خۆی بکات لە کۆمەڵگاداو ئاستی هۆشیاری بەرز بێتەوە.

٩. ئاستی رۆشنبیریی خێزان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە، واتا ئاستی رۆشنبیری هۆکارە بۆ رێگەدان بە کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە.

١٠. جیاوازی ڕەگەزی هۆکارە بۆ کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە، لە کۆمەڵگای توێژینەوە کارکردن بۆ ڕەگەزی مێ زەحمەترە بە بەراورد بە ڕەگەزی نێر.

١١. بوونی گێجەڵی سێکسی و دەستدرێژی هۆکارە تاوەکو ئافرەت نەتوانێت لە دەرەوە کاربکات یان لەسەر کارەکەی بەردەوام بێت.

١٢. بیروباوەری ئایینی تارادەیەک کاریگەری هەیە لەسەر کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە.

## راسپاردە:

١. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کارکردنی ئافرەتان و کاریگەری لەسەر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی نەمانی جیاوازی ڕەگەزی و لابردنی بەربەست لەبەردەم کارکردنی ئافرەت.

٣. ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر کە ئافرەت دەتوانێ وەک پیاو کاربکات و بژێوی ژیان دابین بکات.

## پێشنیار:

١.-وەزارەتی رۆشنبیری لە ڕێگەی راگەیاندنەوە تاکەکان زیاتر هۆشیار بکەنەوە کە ئافرەت دەتوانێت وەک پیاو لە دەرەوە کاربکات.

٢. وەزارەت خوێندنی باڵا و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی کەسانی پسپۆر سیمینار و خولی تایبەت بە بەربەستەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە وەک: خێزان،دابونەریت و دیاردەی گێچەڵی سێکسی و توندوتیژی چارەسەری پێشکەش بکات.

٣. وەزارەتی رۆشنبیری گرنگی بدات بە دابینکردنی پسپۆری شارەزا و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە رێگەی TV یان تەکنەلۆژیا.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوەی کوردی:


1. ئامێدیان، فەخرەدین (٢٠١٣). فەرهەنگی شیکاری زاراوەکانی کۆمەلناسی، ناوەندی چاپ شەمیمی، سنە.

2. موحسنی، مەنوچێهر (٢٠٠٢). دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانیتر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

3. گیدنز، ئەنتۆنی (٢٠٠٩). کۆمەڵناسی، و: حەسەن ئەحمەد و مستەفا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

4. جمال، سۆزان (٢٠٠٤). ژن لەبەردەم قەیرانەکاندا، دەزگا و چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

5. غەفوور، عومەر علی (٢٠١١). ئافرەت وەک خۆی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

6. السعداوی، نوال (٢٠٠٦). ڕۆخساری رەوشتی ئافرەت، و: سۆزان جەمال، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

7. قادر، ئەسرین زرار (٢٠٠٦). ڕۆڵی سەنتەری ئافرەتان لە چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵاتییەکان، ماستەرنامە بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکوی سەلاحەدین، هەولێر.

8. سماقەی، ئەیوب ئەنوەر (٢٠١٠). بنەماکانی زانستی ئابووری، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

9. مەجید، ڤیان (٢٠٠٧). ژن و تاک و سیاسەت، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

10. کەریم، سەروەر و ئەوانیتر (٢٠٠٦). ڕوکاری ژن و هۆشیاری سیاسی، چاپخانەی سەنتەری پەنا، کەرکوک.

11. بەرزنجی،عەبدوڵلا تاهیر(٢٠٠٦).فیمینیزم و فیکر و رەوتەکانی،چاپخانەی(یاد)بازاری سۆز،سلێمانی.

12. فریدمەن،جیەن (٢٠٠٥).فیمینیزم،و:فەرشید شەریفی،چاپخانەی کارۆ،هەولێر

**تێزی ماستەرنامە بە زمانی کوردی:**

13. ابراهیم،کانیاو کریم (٢٠٢٠). ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی مندال، توێژینەوەیەکی مەیدانی لەشاری سلێمانی، نامەی ماستەر پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

14. ملا، فاطمە مراد (٢٠١٥). گۆرانی کۆمەلایەتی و پەیوەندی بە پێگەی ژنان لە خێزانی کوردیدا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر پێشکەش کراوە بە کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەلناسی، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.

## سەرچاوەی عربي:

15. عبدالله، اسو ابراهيم (٢٠٠٤). السمات القومية للشخصية الكردية، دراسة اجتماعية ميدانية، اطروحة دكتورا فيه منشورة، جامعة السليمانية.

16. الساعاتي، حسن (١٩٨٢). تصيم البحوث الأجتماعي، دار النهظة العربية، بيروت.

17. الكتاني، فاطمة المنتصر (٢٠٠٠). الأتجاهات الوالدية في لتنشئة الأجتماعية وعلاقتها الذات لدى الأطفال، دار الشروق، عمان.

18. ولي، باسم محمد و محمد، محمد جاسم (٢٠٠٤). المدخل الى على النفس الأجتماعي، ط 1، دار الثقافة والنشر، عمان-الأردن.

19. عبدالفتاح، كاميليا (١٩٩٠). سايكولوجيا المرأة العاملة، دار النهظة، المصر.

20. خصباك، شاكر (١٩٧٢). الأكراد، دراسة جغرافية انتوغرافية، مطجة سميق، بغداد.

21. الجبوري، عبدالقادر يوسف (١٩٨٩). تأريخ الأقتصاد مطابع مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، بغداد.

22. بكاكره، كاملة (٢٠١٤). عمل المرأة وعلاقتة بالتمصيك الدراسي للأبناء، رسالة ماجيستر قسم علم الاجتماع، جامعة الوادى، الجزائر.

قادر، ژيا عباس (٢٠١٢). دور الموارد البشرية في تنظيم المجتمع، اطروحة دكتورا، جامعة سليمانية، كلية العلوم الأنسانية، قسم علم الأجتماع، العراق.

24. عبدالفتاح، كاميليا (١٩٧٢). سايكولوجي المرأة العاملة، دار النهظة، القاهرة.

25. العودات، حسين (١٩٩٦). المرأة العربية في الدين والدين والمجتمع، ط ١، الاهالى للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.

26. معروف، صبحى عبداللطيف (١٩٨٠). سيكولوجية الطفولة والمراهقة، الطبعة الثانية، مطبعة الجامعة بغداد.

27. ملكة، الحاج يوسف (٢٠٠٣). أثار عمل الأم على تربية أطفالها، دراسة ميدانية لبحث الامهات العاملات بمدينة، رسالة ماجستير، كلية العلوم الأنسانية، قسم علم الاجتماع، الشارقة، الجزائر.

28. بن زيان، مليكة (٢٠٠٤). عمل الزوجة وانحكاساتة على العلاقات الاسرية، جامعة منتوري، رسالة ماجستير، كلية الاجزائر.

29. زينب، بن با و نوال، فندو (٢٠٢٠). انعكاسات الظروف الاجتماعية على اداره المرأة العاملة، مذكرة ماستر في تخصص علم اجتماع تنظيم وعمل، قسم العلوم الاجتماعية، كلية العلوم الانسانية و الجتماعية والعلوم الاسلامية، جامعة احمد دراية ادرار، الجزائر.

30. حسين، العودات (١٩٩٦). المرأة العربية في الدين والدين والمجتمع-عرض تاريخي، ط ١ ، الاهالي للطابعة والنشر والتوزيع، دمشق.

31. الحسن، احسان محمد (٢٠٠٥). علم الاجتماع الصناعي، دار وائل للطباعة والنشر، عمان.

32. ناقولا، جهاد زياب (٢٠١١). الاثار الاسرية الناجحة عن خروج المرأة السورية للعمل، دار الهيئة السورية، دمشق.

33. رمزي، ناهد (٢٠٠١). المرأة والاعلام في عالم متخيرة، ط ١، الدار المحريفة الجاحظية ، القاهرة.

34. عوض، عباس محمود (١٩٨٨). في علم النفس الاجتماعية، دار المحريفة الجاحظية، الاسكندرية.

35. لهستانی زاده، عبدالعلی (١٣٨٠). عوامل مؤثر بر نگرش مردان نسبت به نقش زنان در جامعه، مجله علوم اجتماعی و انسانی دانشگاه شیراز، دوره شانزدهم، شماره دوم.

36.عليان، ربحى مصطفى، غنيم، عثمان محمد (٢٠٠٤). اساليب البحث العلمي الاس النظرية رالتطبيق العلمي، ط١، عمان.

37. حسن، عبدالباسط محمد (١٩٧١). احوال البحث الاجتماعي، ط٣، مكتبة النجلو المصرية، القاهرة.

38. عوده، احمد سليمان و ملكاوى، فتحى حسن (١٩٩٢). اساسيات البحث العلمي في التربية والعلوم الانسانية، مكتبة الكتاني أربد.

39.السماك و أخرون(١٩٨٦). احول بحث العلمي، مديرية دار الكتب للطباعية والنشر، جامعة الموصل.

40. الزيباري، طاهر حسو (٢٠١١). اساليب البحث العلمي في علم الأجتماع، المؤسة الجامعية للدراسات التوزيع، بيروت.

41. دويدري، رجاء وحيد (٢٠٠٨). البحث علمي (أساسة النظرية و ممارساتك العلمية)، ط٤، دارالفكر، بيروت.

42. رشوان، حسين عبدالحميد(١٩٨٧). العلم والبحث العلمي، دراسة في المنهج العلوم: ط٣، المكتب الجامعي الحديث ، مصر.

## سەرچاوەی ئینکلیزی:

42. Guilford, J.P (1950). Psychometric methods, (2th ed), New York, me - grew, hill

43.Smith, Anthony (1968). social change, Longman, London -

44Schaefer, Richard (2005). sociology , (9th ed), McGrw-Hill, New York

45.Alan Braymans (2012). Social research methods, 4th Oxford, UK -

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

کۆلێژی ئەدەبیات - بەشی کۆمەڵناسی

## کاریگەریی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەتان

## (توێژینەوەیەکی کۆمەڵناسییە لە گەرەکی فەرمانبەران و بەختیاریی شاری هەولێر)

بەرێزان :

ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی زانستییە، بۆیەش وەڵامدانەوەی دروستی بەرێزتان دەبێتە هاوکار و پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ گەیشتن بە ئەنجامی راست و زانستییانە.

ئامانجی توێژینەوە:

١- زانینی تێروانینی پیاوان بۆ کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردی.

٢- دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم کارکردنی ئافرەت لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

٣- زانینی ئەو هاندان و پاڵنەرانەی کە وا لە ئافرەت دەکات کار بکات و هێزی خۆی بەدیار بخات لە کۆمەڵگای توێژینەوە.

چەند تێبینیەکی پێویست:

زانیارییەکانت تەنیا بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستییە، بۆیە:

١.پێویست بە ناونووسین ناکات.

٢.تکایە سەرجەم پرسیارەکان وەڵام بدەوە، تەنها یەک وەڵام هەڵبژێرە بۆ هەر پرسیارێک، هیچیان فەرامۆش مەکەن.

٣.دوای خوێندنەوەی بڕگەکان، نیشانەی(√) بەڵێ بۆ وەڵامی پرسیارەکان هەڵبژێرە.

**بە سەرپەرشتی**

**د.یوسف حسن حسین**

**قوتابیان**

**فاطمە احمد حسن**

**میدیا کاظم طاهر**

**٢٠٢٣**

## یەکەم: زانیارییە گشتییەکان

**1- تەمەن: (      )ساڵ.**

**٢- پیشە: (            )**

**٣- گەرەکی نیشتەجێبوون: (            ).**

**٤- جۆری نیشتەجێبوون: کرێ (     )، موڵك (      )، هیتر بنووسە(                ).**

**٥- ئاستی بژێوی ژیان : زۆرباش (      ).      باش (      ).      ناوەند (      ).**
**خراپ (      ).**

| ژ | برگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئایا لە خێزانی ئێوەدا ، دەبێت ئافرەت ئیشوکاری ناو ماڵ بکات و پیاویش بژێوی خێزان دابین بکات؟ | | | |
| 2 | لە خێزانی ئێوەدا ، پیاو لە ئیشی ماڵ هاوکاری خێزانی دەکات؟ | | | |
| 3 | ئایا لە خێزانی ئێوەدا ئافرەت ڕای هەیە لە بریاڕدان؟ | | | |
| 4 | ئایا ڕێگە دەدەی خێزانت ئیشوکاری دەرەوەی ماڵ بکات؟ | | | |
| 5 | لە خێزانی ئێوەدا ئاساییە ئافرت بەشداری لە ڕێکخراوی پیشەی بکات؟ | | | |
| 6 | ئاساییە لە خێزانی ئێوەدا ، ئافرەت فەرمانبەری حکومی بێت؟ | | | |
| 7 | ئایا بەشداری ئافرەت لە حیزبی سیاسی ئاساییە؟ | | | |
| 8 | ئایا کچەکانتان دەرونە قوتابخانە؟ | | | |
| 9 | پێت باشە ئافرەت ئیشوکاری ئازاد بکات؟ | | | |
| 10 | ئایا گۆڕانی شێوازی ژیان، ڕۆلی هەیە لە کەم کردنەوەی ئاستەنگی بەردەم کارکردنی ئافرەت؟ | | | |
| 11 | کارکردنی ئافرەت هۆکاری لاوازبوونی پەیوەندیی کۆمەلایەتییە؟ | | | |
| 12 | ئایا ئافرەت وەک پیاو دەتوانێت خەرجی بۆ ماڵ دابین بکات؟ | | | |
| 13 | پێتباشە ئافرەت بەهۆی کارکردنەوە یارمەتیی ئابووریی خێزانەکەی بدات؟ | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | ئایا کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە لادانە لە کولتور و داب و نەریت؟ | 14 |
| | | | ئاستی رۆشنبیریی خێزان کاریگەری لەسەر کردنی ئافرەت هەیە؟ | 15 |
| | | | پێتوایە ئەرکی ئافرەت ئیشوکاری ناو ماڵەوەیە؟ | 16 |
| | | | ئایا کارکردن هۆکاری بەهێز بوونی کەسایەتی ئافرەتە؟ | 17 |
| | | | کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی لە پەروەردەی منداڵەکانیان؟ | 18 |
| | | | ئایا کارکردن هۆکاری بەرزبوونی ئاستی هۆشیاریی ئافرەتە؟ | 19 |
| | | | کارکردنی ئافرەت لە دەرەوە، ئاستەنگی بۆ ئەرکی خێزانی دروستدەکات؟ | 20 |
| | | | پێتوایە یەکێک لە بەربەستەکانی کارکردنی ئافرەت، جیاوازیی ڕەگەزییە لە کۆمەلگای کوردیدا؟ | 21 |
| | | | ئایا ئافرەتی کارکردوو پێگەی کۆمەڵایەتی بەرزتری هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتی بێکار؟ | 22 |
| | | | ئایا هۆکاری کارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ چاولێکەرییە؟ | 23 |
| | | | پێتوایە بوونی کێچەڵی سێکسی ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت دەکات؟ | 24 |
| | | | ئایا بیروباوەری ئایینی ڕێگری لە کارکردنی ئافرەت دەکات؟ | 25 |

## ملخص

على مر التاريخ ، لعبت المرأة دورا هاما في تنمية المجتمع. في جميع جوانب الحياة الاجتماعية ، كانت المرأة هي نفسها الرجل في مجال النضال والعمل. وعلى الرغم من أن المرأة واجهت عقبات، إلا أن ذلك جعل من المستحيل على المرأة القيام بعملها، سواء داخل أسرة تجد نفسها تدير عملا منزليا أو تقوم بعملها ومسؤولياتها في المكان الذي تعمل فيه. تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على وجهات نظر الرجل حول عمل المرأة في الخارج، وكذلك التعرف على معوقات عمل المرأة بأن الأسر والتقاليد هي أبرز العوائق التي تحول دون عمل المرأة في المجتمع. مثال هذا البحث هو (٣٥) رجل متزوج (٢٠)مثال في حي فرمانبران و (١٥) مثال مأخوذ من حي بختياري في مدينة أربيل. هذا البحث هو طريقة بحث كمي لوصف التحليل من خلال المسوحات الاجتماعية واستخدام أدوات نموذج المسح لجمع وتحليل المعلومات المتعلقة بموضوع البحث. ونتيجة لهذه الدراسة تبين أن الرجال يسمحون لأسرهم بالعمل في الخارج، والعمل في الخارج يجعلهن قادرات على مساعدة رجالهن في إعالة منزلهن، وعمل المرأة يزيد من ثقتهن بهن وفي المجتمع لن يكون عملهن خروجا عن تقاليد المجتمع. في الجزء الأول من الدراسة يتحدث عن أبعاد ومفاهيم الدراسة، والجزء الثاني يتحدث عن المقالات البحثية السابقة لنظرية الدراسة ويصف الجزء الثالث الخلفية الاجتماعية والاقتصادية وثقافة وجهات نظر الرجال بشأن عمل المرأة، والحواجز التي تحول دون عمل المرأة والدوافع وراء عمل المرأة، يناقش الجزء الرابع إطار طرق البحث. أما القسم الخامس فهو عبارة عن تحليل لجدول المعلومات الخاصة والعامة، ويتضمن نهاية قسم البحث الاطلاع على نتائج الدراسة والتوصيات والاقتراحات وقائمة مصاد.

## Content

Throughout history women have played a significant role in society, and in all aspects of social life, women have been the same as men in the field of struggle and work .Although women have faced obstacles, this has made it impossible for women to perform  their duties, whether with in a family that finds themselves doing homework or carring out their responsibilities were they work. The aim of this research is to identify and men's perspectives on women's work abroad,as well as to identify barries to women's work that families and traditions are the most prominent barrires To women in society the research includes 35 married men with 20 samples in the Farmanbaran neighborhood, 12 in the Bikhtiari neighborhood. This research is a quantitative research method of describing analysis through social surveys and using survey from tools to collect and analyze information related to the subject of research. The study found than man allow their families to work outside. Working outside can help their men provide for their homes, women's work will increase their self-confidence in society, and their work will not be a deviation from society's traditions. In the first part of the research, it talks about the dimensions and concepts of the research, the second part talks about the previous research essays of the research theory, the third part is the background of the social economy and the culture men's perspective on women's work, the four part talks about the context of the research methods, the fifth part is the analysis of private and public information. In conclusion the research section consists of reaching the results of the study and the recommendations, suggestions, and list of research sources

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
Salahaddin University - Erbil
College of Literature - Department of Sociolog

# The effect of men's perspective on women's work (A sociology study in the farmanbaran and bakhtiari neighborhood of Erbil city)

Part of the necessities of obtaining bachelor's degree in sociology

by
Fatima Ahmad Hassan
Media Kazem Taher

under the supervision of
Dr. Yousif hasan husen

2022 - 2023